# هاتنی سوڵتان سولەیمانی قانوونی
# بۆ گرتنی بەغدا


دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# هاتنی سوڵتان سولەیمانی قانوونی
# بۆ گرتنی بەغدا

نووسینی:

**قەرەچەلەبی زادە**

**ئەحمەد تاقانە**

وەریگێڕاوە و لێی تۆژیوەتەوە

ناوی کتێب: هاتنی سوڵتان سولەیمانی قانوونی بۆ گرتنی بەغدا
نووسینی: قەرەچەلەبی زادە
وەرگێڕان و لێ تۆژینەوەی: ئەحمەد تاقانە
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٩٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٧٦٨)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

## پێشەکی

ئەم دەقە وەرگێڕاوەی بەردەستتان، وەک لە ژیننامەی نووسەرەکەشییەوە دیارە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەمدا نووسراوە، دیارە نووسین و ئەدەبییاتی ئەو سەردەمە کلاسیکییەی عوسمانی، بەوەی کە ڕۆشنبیری و کەلەپووری باو و بەهێزی فارسی و ڕۆشنبیری و کەلەپووری عەرەبی ئیسلامی بەهێز و ڕەگداکوتاو، جگە لەوەی عوسمانییەکان بەخۆیان بەمەبەستی (بەناوە) پێکهێنان و دروست کردنی نەتەوەی عوسمانی، زمان و کەلەپووری هەر هەموو ئەو نەتەوانەی لەناو سنووری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بووە، بەهی خۆیان زانیوە و لەناو زمانە تورکییە بنچینەییەکەی خۆیاندا، بەکارهێنانی وشە و زاراوە و دەستەواژە و تەنانەت ڕستەو.. تاد-ییان بەکارێکی ئاسایی زانیوە . بۆیە دەبینین دەقێکی لەم جۆرەی لەمەڕ باسەکەمان بەتێکەڵ



کردنی بەلای کەمەوە، سێ زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی نووسراوەتەوە، جگە لەوەی نووسەرەکەی لەپاڵ ئەوەی کە مێژوو دەنووسێ، دەیەوێ ئاستی ئەدەبی و زمانزانی و فراوانیی ڕۆشنبیریی خۆی بەخەڵکی بسەلمێنێ، لەپڕ، وەکو دەبینین و لەو سەردەمەدا واباو بووە، دێڕو دوو دێڕو پتری شیعری فارسی یان عەرەبی لەناو دەقەکەدا، بۆ پاڵپشتیی ڕووداوەکە، یانیش وەک پەندو.. شتی دیکە دادەنێ، هەموو ئەمانە، وەرگێڕانی ئەم جۆرە دەقانەی ئەو سەردەمانە سەخت و دژوار دەکەن.

من لەوەرگێڕانی دەقەکەدا، ویستوومە، تا پێم کرابێ، شێوەو ڕواڵەتی نووسینەکە بپارێزم، بێگومان تا ئەو ڕادەیەی واتاو ناوەرۆکەکە لەدەست نەدرێ کە مەبەستی سەرەکیی دەقەکەیە، بۆیە شیعرەکانیشم هەر بەکێش و سەرواوە کردووەتە کوردی.. بەڵام دەقە فارسییە، یان عەرەبییەکەی خۆشیم هەر داناوەتەوە، دا هەر کەسێک ویستی بەراوردیان بکا، یان ئارەزووی بینینی شیعرە ڕەسەنەکەی هەبێ، لەبەر دەستیدا بێ.

هەروەها، لەبەر ئەوەی دەستنیشان کردنی ڕۆژ و مانگ و ساڵی ڕووداوەکان - وەکو ئەوسا باو بووە - بەپێی ڕۆژژمێری کۆچی دەستنیشان کراوە، بەرامبەرە زایینییەکانی هەر هەموویم لەناو دەقەکەدا لەپاڵ

کۆچییەکە داناوە، بۆ ئەوەی بۆ خوێنەری خۆشەویستی ئەمڕۆمان سوودی پتربێ و کارەکە ساناتر بێ. لەپاڵ ئەمانەشدا، نەمویستووە هەر بەمەندە لەدەقەکە گەڕێم و دەستی لێ هەڵبگرم، بۆیە پشت بەکۆمەڵێک سەرچاوە، کە لەکۆتاییدا زانیاریم لەبارەیانەوە تۆمارکردووە، هەندێک لایەنی ناو دەقەکەم لەپەراوێزەکاندا ڕوون کردووەتەوە، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی کە پێم وابوو دوورەدەستی زۆربەی خوێندەوارانی کوردی ئاسایی ئەمڕۆن، ئەم لایەنەش - بەوەی کە، ئەمە کاری مێژوونووسانە - لەگەڵیدا خۆم ماندووکردو نەمویست وەک هەندێکان بکەم و بەبێ دەستنیشان کردنی سەرچاوە، بەلافی ئەوەوە کە بیرتیژەو - بەلای خۆیانەوە - جێی متانەیە، باسی ئێران و  توران، وەک حەقایەت بەناوی  مێژووەوە دەنووسێ و دەگێڕێتەوە، کە ئەمە لەکاری زانستیدا پەسەندنییە. بەم پێیەش بەوردی خوێندنەوەی پەراوێزەکانیش پێویستە و بایەخی خۆیان هەیە.

دیارە دەقەکە دەقێکی مێژووییە و وەک لە ژیننامەکانەوە دیارە، نووسەرەکە نزیکی دەرباری سوڵتان بووەو هەر لەو سەردەمەشدا ژیاوە، کە لەمێژوونووسیندا ئەمە گرنگیی خۆی هەیە، هەروەها گەلێک جار بەڕۆژ،



ڕووداوەکان دەستنیشان دەکات و .. ئەمە لەنرخی دەقەکە بەرز دەکاتەوە.

ئەگەرچی سەرچاوەی مێژوویی سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانوونیش وەنەبێ کەم بن، بەڵام ئەم دەقەیان بەوەی کە پەیوەندیی بەمێژووی کوردو کوردستانیشەوە - کەم  و زۆرێک - هەیە، بایەخێکی سەرباری بۆ ئێمەی کورد هەیە .. لەلایەکەوە لەو سەردەمەی هاتنی سوڵتان سولەیمان -ە بۆ گرتنی بەغدا، فەرمانڕەوایی ئەو شارە گرنگە بەدەست کوردە لوڕەکانەوە بووەو هەر ڕووداوی کوژرانی میر زولفیقاری لوڕی فەرمانڕەوای بەغدا، کە سەر بەسوڵتانی عوسمانی بوونی هەڵبژاردووە و دواتر بەپیلانێک لەناوبراوەو ئەم ڕووداوە بووەتە هۆی هاتنی سوڵتان سولەیمان بۆ گرتنی بەغدا، کە ئەم دەقە باس لەو هاتنە دەکا. لەلایەکی دیکەوە. بەش بەحاڵی خۆم، لایەنێک لەو لایەنانەی دقەکەی لەلام بەپەسند داناوە، ئەوەیە کە وتارەکە ڕوانینێکی گشتیی ڕووداوەکان و ناوچەکانە و لە ناو بانۆراما کورت کراوەکەدا کوردیش بەرچاو دەکەوێ... دەمەوێ بڵێم بەش بەحاڵی خۆم، گەلێکی ئەو کارانەم لا پەسند نییە کە دەقێک یان کتێبێک- بەتایبەتی سەرچاوە باوەڕ پێکراوە چاکەکان - بهێنرێن و هەرچی دێڕ و بڕگەیەکی لە بارەی کوردەوە

تێدا بێ دەربهێنرێن و بەتەنیا وەرگێڕرێن و لە دارژان و ڕێڕۆیشتنی گشتیی کارەکان دابڕێنرێن و بەتەنیا چاپ بکرێن.. پێم وایە ئەو کارانە گەلێک جاران خوێنەر لەسوودو خۆشی پەند لەمێژوو وەرگرتن بێبەش دەکا.

بۆ ئەوەی نووسەری وتارەکەش بەخوێنەری بەڕێز ئاشنابکەم ، شتێکم لەبارەی ژیننامەیەوە وەرگێڕا.

مایەوە ئەوە بڵێم کە وتارەکە (دەقەکە) بەشێکە لە کتێبێک بەناوی (سولەیماننامە) وە لەلایەن (عەبدولعەزیز قەرەچەلەبی زادە) وە نووسراوە و ئەم بەشەیان لەگەڵ گەلێک بەرهەمی جۆراوجۆری دیکەدا، لەنامەو وتارو کۆمەڵە شیعری هەڵبژاردەو.. هی دیکە، لەلایەن (قوستەنتیندی- قسطنطیندی) ناوێکەوە. لەبری ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای زانست (أعضاء مجلس كبير معارف)ەوە ڕێکخراوەو لەشێوەی کتێبێکدا لە درسعادت(ئەستەمبووڵ) و لە چاپخانەی قوتابخانەی پیشەیی - (مكتب صنايع)دا ساڵی ١٢٨٨ی کۆچی (١٨٧١-١٨٧٢ی زایین)دا بەناوی هەڵبژاردە لەبەرهەمی نووسراوی عوسمانی (منتخبات آثار عثمانیە)وە لەچاپ دراوە. شتێکی بەناوبانگیشە کە چاپەمەنیی میریی ئەو سەردەمەی عوسمانی لەژێر چاودێرییەکی زۆر بەرزی هونەری و زانستیدا چاپ



کراون و بەدەگمەن نەبێ هەڵەیان تێدا بەرچاو ناکەوێ کە ئەم کتێبەش یەکێکە لەوانە، وتارەکە لەلاپەڕە (٢١٢-٢٢١)ی کتێبەکەدا بڵاوکراوەتەوە.

هیوادارم کارێکی بەسوودم ئەنجام دابێ..

«تاقانە»

## لەبارەی نووسەرەوە

عەبدولعەزیز ئەفەندیی (قەرەچەلەبیزادە)(١٥٩١-١٦٥٨ی. زایین) لەسەردەمی سولتان محەمەدی چوارەمی عوسمانیدا شەیخولئیسلام بووە. بەزانست و بەرهەم و چالاکییەکانی یاخی بوونەوەیەوە لە مێژووی عوسمانیدا شوێنەواری بەهێزی هێشتووەتەوەو یەکێکە لە زاناو سیاسەتمەدارانی عوسمانی، سەر بەبنەماڵەیەکی کۆنی زانیارانەو کوڕی حوسەین ئەفەندیی قازیعەسکەرە، لە خوێندگا ئایینییەکاندا خوێندوویەتی، پشت بەدەسەڵاتی باوکی، بەپەلە بەرەو پێشەوە چووە، بەلاوی بووەتە مودەرریس (مامۆستا). لەم دەمانەدا بەهۆی بەشداربوونییەوە لە یاخی بوونێک کە لە مزگەوتی (فاتیح)دا دژ بەحوسێن پاشای (مەرە)ی سەدر ئەعزەم بەرپا بووە، بۆ (بورسە) دوورخراوەتەوە. دواتریش بووەتە قازی. کە قازیی ئەستەمبووڵ بووە (سولتان موڕادی چوارەم) لەبەر دۆخێکی بێبایەخ و ناڕەوا، تووڕە بووە و فەرمانی کوشتنی داوە، بەڵام لەسەرتکای (بەیرام پاشا)ی سەدر



ئەعزەم لەم کوشتنە ڕزگاری بووە. بەڵام بۆ (قبرس) دوورخراوەتەوە و ماوەیەکی دووروودرێژ لەکارکردن بێبەش بووە، لەوێشەوە لێی خۆش بوونەتەوە دوای گەڕانەوەی بۆ ئەستەمبووڵ، ئینجا بەشداریی لەو یاخی بوونەوانە کردووە کە دژی سوڵتان ئیبراهیم بەرپابووەو لە دەمەدەمی لەسەر تەخت داگرتنی ئیبراهیم -دا، لەوە پارێزی نەکردووە کە هەموو بەدکارییەکانی بەرەوڕوو، بەڕوویدا بداتەوە.

محەمەدی چوارەم منداڵ بووە کە هاتووەتە سەرتەخت، عەبدولعەزیز ئەفەندی قازیعەسکەرێتیی ڕومێلی-ی وەدەست خستووە و لەبارەی بەها ئەفەندیی شەیخولئیسلامەوە. تێکەڵی جۆرەها دەستهەڵبەست بووە و دواتر لە (١٦٥١)دا بووەتە شەیخولئیسلام. عەبدولعەزیز ئەفەندی کە بۆ ئەوەی دەست لە پایەو پلەی خۆی هەڵنەگرێ، پشتی بە(دەزگای یەنیچەری)بەستووە، لەو ناکۆکییەی نێوان سەرانی یەنیچەری و سەرا(دەرباری سوڵتان)دا پەیدابووە، کە سەراسەرکەوتووە، دوای پێنج مانگ بەدوورخستنەوەیەوە بۆ (سەقز)، لەپایەش و لەئەستەمبووڵیش دوورخراوەتەوە. دوای ماوەیەک تاراوگەکەی بە (بورسە) گۆڕاوەتەوە و ئیدی جارێکی دیکە نەهێنراوەتەوە ئەستەمبووڵ و لەوێ مردووە.

بەپیاوێکی دەوڵەمەندو زۆر ڕژدو پیسکە ناسراوەو هەموو کەسێک خۆی لە زمانی لاداوە. بەڵام وردەکارو زانایەکی توانایی بەرزو لە هۆنراوداو بەتایبەتیش لە پەخشاندا خاوەن قەڵەمێکی

بەهێز بووەو ناوبانگی هەبووە، بەرهەمە مێژووییەکانی ئەمانەن:

١- ڕەوزەتولئەبرار (روضه الأبرار).

٢- میرئاتو سسەفا (مرآة الصفا).

٣- سولەیماننامە (سلیماننامه)، کە ئەم دەقەی لەبەر دەستتاندایە بەشێکییەتی.

٤- زەفەرنامە (ظفر نامه)

یەکەمی ئەم کتێبانە، گەورەترین و بەبایەخترینیانە، سولەیماننامەش کە جەنگەکانی سولەیمانی قانوونی باس دەکا، لە چاپ دراوە.

جگە لەم بەرهەمە مێژووییانەی (قەرەچەلەبیزادە)، بەرهەمی دیکەی لەبارەی فیقه، ئەدەبیات و شیعرو وەرگێڕان، بەنازناوی (عەزیز)ەوە ڕێکخراوە، بەڵام دیوانێکی چاپ نەکراویشی هەیە، لەبورسە چەشمەیەکی[١] دروست کردووە[٢].

# هاتنی سوڵتان سولەیمانی قانوونی بۆ گرتنی بەغدا

«لە پیشاندانی ڕووداوی سەیرو سەمەرە، لە مەیدانی شەڕگەی ڕۆژگاردا، لە کاتێکدا بەغدای پایتەختی جێنشین - دار الخلافە-ی بەهەشتاوا بووە لایەنگری مەیدانی جەنگی حکوومەت»[٣] چونکە بەچاودێریی خودای بەرز، باخچەی خۆشبەختیی لق و پۆپ کردووی تەمەندرێژکەرەوەی بەڕێزی فەرمانڕەوای چواریەکی مرۆنشینی سەرزەوی، دەروازەی دەوڵەت بە کەسانی سەر بە سەرچاوەی سازگاری زۆر ئاپۆرەوە... دەستگاکانی دەرگانەی کامەرانیی بووەتە ڕۆژیبەشێنی تایبەت و گشت، ناوبانگ دەرکردووانی ڕۆژگار، هەریەکەو بەهۆیەکەوە داواکاری ڕاژەی گسک لێدانی بەر دەروازەی بڵندن و دەستمایەی سەربەرزییان دەستخستووە. یەک لەو بەختەوەرانەو لە کەوشەنی بەغدای ئاشتییاوا (دار السلام)دا، بەڕێی میراتگرییەوە، لە دەمێکەوە ئێشکگری میری بووەو، لە کیشوەری عیراقی عەرەبدا ئاڵای دادوەریی بەرزکردووەتەوە، ئەویش



میر زولفیقار (ذو الفقار)[٤] بوو. پەنای بردووەتە بەر ڕێسمانی بەرزی شان و شکۆی سوڵتانی، بەو هیوایەوە کە دڕکستانی کێڵگەی ئاواتی بەفەڕی سەرچاوەی چاودێریی شەهریاریی پڕ لە گوڵ بێ.. کلیلی ئەو قەڵاتانەی لە کەوشەنی حکوومەتەکەیدایە، لەگەڵ نامەی بەندایەتیدا ناردووەتە بەر دەرگای سوڵتانی هەمووان، بەئومێدی ئەوەی کەمۆکەیەک ئاوڕی لێ بدرێتەوە.. هەر کە ئەم هەڵسوکەوتە دەکەوێتە بەر گوێی تەهماسپ[٥](طهماسب)ی ڕەسەن نادیار و بەدکارو بەدکردەوە، ئاشنای بێگانە ڕەوشتە، لەگەڵ نزیکی و دروا سێیەتیشیداو بەوەی کە سەربۆخۆی نەوی نەکراوەو پەنابراوەتە بەر دەرگای پادشای میهرەبانیدەزگا، گڕی سەرشۆڕیی تێ بەربووەو لەپاڵ تۆڵەستاندنەوە لە (میر زولفیقار)، بەسوپایەکی کینە خوازەوە بەغدای گەمارۆو داوە و چەندین ڕۆژ بەبەرزبوونەوەی گڕو هاڵاوی جەنگ و پێکدادان، گومەزی چەرخی بەوردەزیو ڕازاوە و بەرز، وەکو تەندوورێکی وازی ئاگرینی لێ هات. بەڵام بیمی سامی شمشێری میر زولفیقار کە جەنگی سەرکەوتنی بەداوێنی کەنیزەکی گەمارۆو گەیاندوو، بەربەستی بەرگریی توند کرد.. ئەو شایەی فڕوفێڵ و پیلانی لەباوو باپیرەوە بۆ ماوەتەوە، تۆڕو پیلان و فڕوفێڵی خستەوە کارو ئەو میرە ناودارەی وا نموونەی دڵسۆزیی بێ وێنە بوو، بەڕێی کەسانێکی تایبەتیی ناپاکەوە دەرمانخوارد کردو[٦]. بەم شێوە بێ دەسەڵاتانەیە. دڵبەری سەرکەوتنی لە ئامێزی گیرۆدەییدا کەوی کرد، هۆنراوە:

ومن لم يمت بالسيف مات بغيره
تنوعت الاسباب و الداء واحد[٧]

واته:

کەسێک بەشمشێر نەمرێ، بەهۆی دیکەوە دەمرێ
هۆیەکان جۆراوجۆرن، بەیەک دەردەوە دەبرێ

تەهماسپی خودا نەناس و بەدرێباز، گاڵتەی بەفەرمانی خودایی و چاکەکردن و لەبەدکاری دوورکەوتنەوە دەکرد و سنووری بەزاندبوو و بووبووە سووککەرەوەی فەرمانەکانی ئیسلامەتی و.. لەبەر ئەوەی سوڵتانی پاکباوەڕیش[٨]، بووبوو بە دەرخەرەوەو پەردە لەسەر لادەرەوەی ڕێزی فەرمانەکانی ئیسلامەتی.. بۆیە هەمیشە ئەو ڕێبازە خوداییانەی. تازییانە بەتێغی بێ درێغی پشت دەگرت و شاڕێی شەرعی بێگەردی لە دڕک و داڵی زەندەقەو خودانەناسی پاک دەکردەوە... هەر کە ئەم هەواڵە خەمناک و ناخۆشەی پێگەیی، فەرمانی بەوەزیری هەرە گەورەی سەر بە لەشکری سەرکەوتن[٩]دا، کە بەرەو (حەڵەب) بڕوا، بۆ ئەوەی لە بەردەمی ڕێگرتنەبەری سوڵتانی ڕێ خۆش بکرێ.

پاشای ناوبراو، بەپێی فەرمان لە (٢ی ڕەبیعولئاخری ٩٤٠ی کۆچی= ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٥٣٣ی زایینی)دا دوعاونزای پادشای گێتی کردە ڕابەرو بەدابین کردنی یاریدەی خودایی، بەرەو (حەڵەب) کەوتە ڕێ. ئۆلامە بەگی بەدنەمەک[١٠] کە پاشماوەخۆری



سەرسفرەی خواردەیی بەڕێزی خاقانی کامەران(سوڵتان بایەزید)[١١] بوو. یەکێک بوو کە پایەو پلەی بەخزمەکاری بەدەست خستبوو، لە دواییدا، وازی لە خزمەتی دەرگا هێنابوو و کەوتبووە دووی(شەیتان قولی)[١٢] ناوی خودا نەناس و ماوەیەکی دوورودرێژ لەوێرانەکانی ئێراندا هەرزەکاری کووچەو کۆڵانی بازاڕی کارەسات بوو، بەهەزار دەردەسەری و پاڕانەوە. کرایە فەرمانڕەوای ئازەربایجان و وای پیشان دا کە گوایە بەچاوبەستبوون و هەڵخەڵەتاندنی ئەهریمەنانەوە ئەو کارە ناپەسندانەی کردووە کە لەو ناوەدا نواندوونی و پەشیمانیی پیشان دابوو و ڕووی بەخاکی بەردەرگای دواڕۆژ نەمردا ماڵیبوو و گیرفانی ئومێدی بەپارەی پێ بەخشراوی دوانەهاتوو پڕاوپڕ بوو بوو.

لەم سەروبەندەدا (شەرەف)ی بەپێچەوانەی واتای ناوییەوە ناونراوی فەرمانڕەوای (بتلیس)[١٣] کەیەکێک بوو لە میرە کوردەکان، بەڵێن و پەیمانی شکاندو بیناو ساختمانی یاخی بوون و دووبەرەکیی بناغە داناو[١٤] سەری لە یەخەی یاخی بوونەوە دەرهێنا، کە ئەم بارە خرایە پێش چاوی ئاستانی ئاسمانتشینی سلێمانی[١٥].. ئۆلامە بەگی ناوبراو، میر شەرەفی بە قوڕی لەناوچووندا بردو خۆیشی بووە جێگرێکی بەدکارتر، لەم بارەیەوە، فەرمانی پەسندی سوڵتانی وەرگرت. بەم پێیە ئۆلامە بەگ دەهۆڵ و ئاڵا و دەستوپێوەندی ڕێکخست و بەشێوەیەکی شکۆدار بەرەو ئەو ناوە بەڕێ خراو نزیک (بتلیس) ڕیزی سوپای هەردوولا ڕوو بەڕوو

بووەوە و لە ئەنجامی پێکداداندا سەری سەودازەدەی شەرەفی بێ شەرەف، ئارایشی نووکی نێزە بوو و لایەنگرانی پێیان نایەسارای سامناکی هەڵاتن و وەک دڵۆپەی هەوری نەوبەهار بەهەموو لایەکدا ڕەوینەوە. سەر لەشکری ڕەوشت پەسند[١٦]، ڕێگاکانی بڕی و پێچایەوە و هەر کە گەیشتە ئەو ناوچەیەی کە (چنارلو)[١٧]ی ناوەو خێوەت و ڕەشماڵی نیشتنی هەڵداوە، هەواڵی دڵخۆشکەرەوەی سەری ئەو کوژراوانەو کەلوپەلیان و بەپەرت و بڵاوبوونەوەو لە ناوچوونی ڕستی ڕێکخراوی دەس و پێوەندی پێ گەیشت. ڕۆژێگەییێنی جیهانییان، جەنابی بەرزییەنا، دواتریش خاکگیری و سەرکەوتن بۆ ڕۆژی ئەو دەمە، سەرەتایەکی زۆر بەرز، بووە بووژێنەرەوەی زەردەخەنەی خونچەی دەروونی لەشکری سەرکەوتن ڕەوشت. هۆنراوە:

هر سر کە ازو بتافت گردن
آورد برش زمانە بی تن[١٨]

واتە:

هەر سەرێک مل لێی زیز بێ، لێی گەڕێ
ڕۆژگار بێ(تەن)یی دێنێتە سەر ڕێ

لەگەڵ ڕێنیشاندەری ڕابەری داهاتوو، نیشتن و کۆچبار پێکەوە کراوەو دەیەم ڕۆژی جومادیلئاخر(٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٥٣٣ی زایین) حەڵەبی ئابڕووی کیشوەری عەرەبی پارێزراو، بووە



جێنشینی مێردان، ئۆروج بەگ[١٩] ناوی غازی (جەنگاوەر) کە یەکێک بوو لە ڕۆڵەکانی ڕۆم، بەزەبری شمشێری بروسکە ئاسا وڵاتی جەزائیری غەرب[٢٠]-ی خستبووە ژێر چنگی سەرنەواندن، لە کاتێکدا کە کورسینشینی سەڵتەنەت بوو، لەسەر تەختی جێنشینییەوە دابەزییە ناو تەختەی تابووت و خەیرەددین بەگی[٢١]برای بەسەر چارپایەی حکوومەتدا بەسەر کەوتبوو و لەم دەمەدا، بەڕابەریی بەختی زگماک پێشنیازی شێوەی بەندایەتیی کامەرانیی دیاری کردبوو، بەهەژدە پارچە قادرغە[٢٢] و کەلوپەلی دیاریی سەیرو سەمەرەوە بەرەو دەرگانەی گەردوونشین جڵەوی بە ڕێکەوتنی وەرگێڕابوو، گەیشتنی بە ئەستەمبووڵ ڕێکەوتی گەیشتنی وەزیری موشتەری تەگبیر بەحەڵەب بووبوو، دوای خۆ خستنە ژێر ڕکێفی کردنەوەو گرێدان بەدەستی کاروباری جەماوەری ئاسەفی[٢٣] ئاسەفهەست و خۆ خستنە ناو لەپی توانایەوە بووە جێی دڵدانەوەی جۆراوجۆرو ڕووتێکردنی سوڵتانی، بەپایەی بەرزی شایستەی بەژنی ئامادەی پاداشتی درابێ و ڕێزی لێ گیراو بۆیە نێررایە حەڵەب و بەپێی فەرمانی پێویستی گوێڕایەڵی جڵەوی ڕێگرتنەبەری بەرەو(شەهبا)[٢٤] بادایەوە، بەلای پاشای ڕاستبینی کیشوەرگر، ڕۆژی بیست و دووەمی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزی ساڵی باسکراو(٥ی نیسانی١٥٣٤ی.ز)، ئەو نەهەنگی جەنگە، بەڕاژەی سەرکردایەتی(قوبتان - کاپتن) شاد بوو و باڵەخانەکانی کەلووە ڕێ بەپێداسەرکەوتن نەداوی کۆنگرەی (شوێنی هەرە بەرز) لە

گەردوونی سووڕاوە بالآتری (قەلآی وان)[٢٥]ی بەربەستی ڕاست و ڕەوانی کیشوەری ئازەربایجان، لەو دەمەدا سەرداری سەرکەوتندروشم هەر کە لە حەلەبدا نیشتەجێ بوو، لەتەک بەهانا چوونەوەی نەخشە دروست هەڵبژێرراویاندا دەست بەسەرداگرتن و خستنە ژێر ڕکێفی حکوومەتی ئەنجام دا، خوسرەو پاشای بەگی بەگگەل(بگلربگی)ی شام، ڕێزی لێ گیراو لەو ڕۆژانەدا کلیلەکانی ئەو شوورانەش کە بەناوی (ئەخلات)[٢٦] و (عادلجەواز)[٢٧]ەوەن، درایە دەستی سایستەی سوڵتانی گشت ئاسۆکان، لەو دەمەدا ڕاخەری بای شەماڵ ڕایەخی گوڵ و ڕێحانەی بەسەر خاکی تەخت و دەشتدا ڕاخست و ڕووی زەمینی بەبەهەشتی بەرین گۆڕی، هۆنراوە:

شد آراسته جلوه‌گاه چمن
گل ازخلوت آمدسوی انجمن
بجنبش درآمد سپاه گیاه
جهانرا گرفت آن خجسته سپاه

واتە:

ڕازایەوە جێی خۆنوێنیی چیمەن
گوڵ لە پارێزڕا هاتە ئەنجومەن
بەجووڵە کەوتن لەشکرگەلی گیا
بەسوپای پیرۆزگیرا گشت دنیا



سەر لەشکری ناودار، کۆڕی ئەنجومەنی ڕاوێژی گرێ دا، لەو کۆڕەدا بڕیار درا کە بەر لە پێشڕەویی ئەوانەی سەر بەئاوەزەنگیی سەرکەوتنهێنی سوڵتانی گرانپایەن، تیغی سەرتیژ و تووغ[٢٨] (دروشم) و ئاڵآ بەڕێ بخرێ بۆ ئەوەی ڕێ لە هەڵآتنی ئەو سورخسەر- سەرسوور- (قزڵباش)انە بگیرێ کە لەلایەن شای کومرێ[٢٩]- وە سەر بەپارێزگای بەغدا بوون. بۆرانی سەنگین هەڵسەنگێنراو بەپێودانگ دانرابوو. کێشەی ئەسکەندەر چەلەبی[٣٠]-ی دەفتەردارو ئۆلامە بەگ ڕووی پاشای کیشوەرگری لەم بڕیارە وەرگێڕاو لە بیستەمین ڕۆژی مانگی زیلقیعدە(٢ی حوزەیرانی ١٥٣٤ی.ز)دا جڵەویان بەرەو کیشوەری دارولملکی تەورێز وەرچەرخاند.

پەی دەرپەی قۆناخ و مەنزڵیان تەی کردو لە بیست و نۆیەمین ڕۆژی مانگی زیلحیجە (١٠ی تەمووزی ١٥٣٤ی.ز)دا سەعد ئاباد(شادییاوا)ی تەورێز تێکەڵ بە زەریای پڕ شەپۆلی هەڵچوونی پۆلگەی لەشکربوو و موزەففەرخان[٣١] کە حوکمداری گێلان بوو، پەردەی دڵسۆزیی لەسەرشان و گەوهەرگەلی گرانبایی دیلیی گەردن و گوێی ڕازندبووەوە، لەگەڵ دە هەزار سەربازی پیادەی تیروەشێن، کە بازووی هەر یەکێکیان ئارایشی کەوانی کەیانی[٣٢]، شابازی خەدەنگ تیژکراوی[٣٣] پەیکانی[٣٤] دڵدۆزەرەوە، بەئاهەنگی هەڵفڕینەوە شکاری کەمتریان مەلی گیانی دوژمنی لە ئاژاوە گەڕ بوو، گەیشتە ئۆردوگای شوێنەوار سەرکەوتن و بووەجێی دڵخۆشی

و پاداشت دانەوەیەکی ئەوتۆ کە لەبازنەی بیروخەیالّ بەدەربوو، بەدیدی ڕاست چەند دەغەڵبازێکی ئاژاوەگێری گەنم پیشاندەی جۆفرۆش، لە(شونبی غازان)[٣٥]ی نزیک تەورێزدا بۆ بنیاتنانی قەلآیەک، سامان و ماندوویی پیاوان بەفیڕۆ دراوە، لەگەلّ بەبەرچاوەوە گرتنی ئەوەش کە بۆ پاراستن و پاسەوانی کردن ئەو دەوروبەرە لە دەست دوژمنان، بەشێوەیەکی بێ سوود و پتر لە پێویست تۆپ و تفەنگ و پیاوانی ئاژاوە و جەنگ لەوێ دانرا.

هەندێک کەسی خاوەن مەبەست کە واتای ئایەتی پیرۆزی(فی قلوبهم مرض)[٣٦] دەیانگرێتەوەو بەپێشنیازی کەسانێکی خاوەن مەبەست، دە هەزار سەربازی هەڵبژاردەی مەیدانی جەنگ هەلآویرراو بۆ پاکتاوکردنی چیای قزڵجە، کە بوو بووە ئیستگەی قزڵباشە بەدبژێوو دەستدرێژکاران، لە لەوتی یاخی بوونی ڕافزی و خودا نەناسان. بەلآم ئەم کارەی ئەنجام ناپەسندە، بۆ لەشکری ئیسلام بووەتە هۆی ڕێکخستنی پەرێشانی و بەزین و... سەر لەشکری تووشی شەرمەزاری و بەخۆدا شکانەوە کردووە، هەر لەسەرەتادا کە گوێیان لێ بوو، لەو کاتەدا کە لە ئازەربایجانەوە بەرەو خۆراسان[٣٧] هەلآتووە، شەری چیای قزڵجەو بەهێزکردنی هەندێک بەدکارو هاندانیانەوە دیسان لە خۆراسانەوە بەرەو لای تەورێز گەڕایەوە، کە هەوالّی دەست بەئامادەکردنی ئامرازی جەنگ بەرگوێی سەرلەشکری دەسەلآت بەرز کەوت، بۆ پێکدادانی جەنگ و هەرا لەگەلّ ئەو ئاژاوە گێرە، گۆڕەپانی لەوەرگای ئۆجان(أوجان



یایلاغ)[٣٨] بەباش زانرا کە وەکو گۆڕەپانی ئاوات و هیوا بەرین و بەربلآوەو تیپگەل نێررایە ئەو ناوە.

طرازندهء این خجسته رقم
چنین راند در فتح نامه قلم

واتە:

ڕازێنەوەی ئەم پیرۆزەنامە
لە (فەتحنامە)دا وای ئاژواخامە

حەزرەتی شای هیمەت بلّندیش ڕۆژی بیست و هەشتەمی زیلقیعدەی ساڵی ناوبراو(٩ی حوزەیرانی ١٥٣٤ی.ز) بۆ پیشاندانی هێزو توانای سەرکەوتووانە بە ڕافزی و کافران، شکۆو سام و لەشکری سەرکەوتندروشم پێکەوە پەڕینەوەیان بۆ لای ئویسکویدار[٣٩] فەرموو، لەگەلّ لەشکری سەرکەوتووی ئەستێرەشکۆ دەشت و کێویان پێچایەوە. ڕۆژی بیستەمی ڕەبیعولئەووەلی ساڵی ٩٤١ (٢٩ی ئەیلوولی١٥٣٤ی.ز) ئەسپی ڕەشی شەوڕەنگی جووڵە شیرینی شای ڕەوشت پەسند و دەماغ بۆ گولآو، بەهەوارگەو لەوەڕگەی ئۆجان گەیشت:

سپه را همه دست و دل شد قوی
به اقبال صاحبقران از نوی

واتە:

که ساحێب قیران هاتەوە، لەنوو
گشت سوپا دەست و دڵیان بەهێز بوو[٤٠]

ئاوازی تەشریف هێنانی سوڵتانی پاکڕەوشت، دەبێتە دەنگدانەوەی گوێکوتی تەهماسپ، بەر لەوەی تەپوتۆزی مەیدانی پێکدادان بەسەر ڕەشماڵی ئاڵاڵەبانی کلڕەنگی گەردوونی خولاوەوە بنیشێتەوە، تاوی هەتاوی ئاوزەنگیی سەر بەرزی بریقەی بۆ تەماشاکاران نەهێناوە. بەپێی ناوەرۆکی (إذا جاء نهر الله بطل نهر معقل)[٤١] بووە جڵەوکێشی ڕێی هەڵاتن و کیژۆڵەی موڵکی کەوتە دەستی جێگرە بەئامانج گەییوان .. بەپێ ئەمە، بەڕێزی سوڵتانی موجاهیدان کە هێشتا بۆ پشوودان دانیشتبوو، تا لە شمشێری خوێخۆرەوە، تیژاوی مەرگ بە بێئاوەزە بێئابڕووە بەخت پشت تێکردووە بنۆشێ کە جڵەوی دووبارە هاتنەوەی شل کردبوو، لە ئۆجان یایلاغەوە ئاڵا بەرزکەرەوە بەڕێ کەوت و جڵەوی بۆ ئەسپی سووکڕەو شل کردو هەندێک لە دلاوەرانی سەرکەوتن پیشە، لە پێشیانەوە بەتەمای پەنایەکی رزگاربوون دۆزینەوە، کەوتنە ڕەوو تیپێکی کردەوەیان بەبەرداشی ئاسیاوی[٤٢] لەناوچوون دابوو.

ڕۆژی دووەمی مانگی ڕەبیعولئاخیر(١١ی تشرینی یەکەمی ١٥٣٤ی.ز)خانی گەورەی سەرجەم جیهانییان کە بووە خاقان[٤٣]، مەیی ئەڵماس ڕەنگی کارەباپەخشی تێغی بێ درێغی بەپێلەقەی سەرخۆشان، ئەو کەللەسەرە خوێنینانەی کە خەڵاتی ژینن لە



دەورووبەری ڕەشماڵی ئاسمان دروشمدا خڵتانی خوێن بوون، کەوتنە سەرڕێی گۆچان[٤٤] و پێی ڕوخشی[٤٥] هێرشبەرانی سەرکەوتن شێوە، پێشەنگی سوپای سەرکەوتن دەزگا، چەندانێکی لە قۆروجی(پاسەوان، پارێزگەر)و خانی گومڕێیانی بەندی کەمەندی[٤٦] سەختی پێوەند کردو لە چواری مانگی ناوبراودا کە خانی (ینکنی)[٤٧] خێوەتگای ڕێزو سام کامەرانی دادەمەزراند، دامەزراوانی قزڵباش گرفتاری بەندی دیلی بوون، لەدەوروبەری ژووری کەلووی جمکدا(٤٨)بەتیغی خوێنپرژێن لە ڕووی ڕۆژگارەوە تاشرا، محەمەد خان[٤٩]-ی کوڕی شاهرۆخ بەگ -ی خانی تارم[٥٠] و خلخال[٥١]، کە پێشتر لەبەر دەرگانەی بەرزی سوڵتانیدا گسکدەر بووو لەبەر هەندێک ناچاری، پەنای وەبەر شای عەجەم بردووە و بەرێنیشاندانی خودماک (ڕسکین)ی ئیسلامییەوە کەوتە سەر ڕێی کامەرانی و بووە هاوڕێی گوێڕایەڵی و پەیڕەوی لەشەش مانگی ناوبراودا، کە قەڵای (سوڵتانییە)[٥٢] بووە جێنشینگەی بارگەی داوڕۆژپەسند، ڕووی بەپایەی تەختی سلێمانی ساوی و لەو جێیەدا ئۆلامەبەگ و محەمەد خانی ناوبراو هەندێک لە بەگگەلی سنجەقەکانی ناونووس کراوانی خزمەتی پارێزگاریی عادلجەواز و وان و تەورێزی لێ بوون، تووغ (دروشم)ی ڕووناکیبەخشی عەنبەرین بۆی سەرکەوتن بەدوای شاهی فیتنە ئەنگێزدا بەرەو هەمەدان کەوتنە ڕێ و لەو وەرزەدا بەکاری سەختیی سەرماوە ڕووی ڕووبار و جۆبارەکان بوونە زیوی خاوو بەو ئەڵماسە

ڕێکخراوەوە بەدەستی ڕۆژگاری ڕازێنەرەوەوە پەخش کراوە، ڕووی زەوی بۆن کافوور بوو. یەک مشتی خاکی هێندەی میسکی ناوکی تاتار[٥٣]، نرخ و پایەی پەیداکردووە و سەوزەگیا پارچە زمرووت[٥٤] ئاسا بەهای گران بوو. هۆنراوە:

چرخ پوشیده رخ خویش بسنجاب سحاب
درپس پرده شده مهر جهانتاب مقیم
اثر آتش سوزنده چنان شد باطل
کاندرو گشت عیان معجزء إبراهیم

واتە:

چەرخ بەسیمۆرەی هەور ڕووی داپۆشی
پشت پەردە دانیشت خۆری جیهانتاو
کە تێیدا دەرکەوت پەرجووی ئیبراهیم
کاری ئاگری سووتێن نەیما تاو

ئەڵبەتە ماندوویی ڕاگوزاریی زستانی بووە پەنجەی تاوی توانین و تاوی سوپای ساحێبقیران و لە قۆناغ و نشینگەکاندا بەتایبەتی ئەو ئێش و ئازار و کارەساتانەی لە دەربەندی (قەرەقان)[٥٥]دا بەسەریاندا هاتووە، لەدەرەوەی توانای ڕاگەیاندن و ڕاسپێراوی خامەگەلە، لارولەنجە هاوسەنگی ڕەشی خامە لەو شێوەدا جلەوکێش کرا، جەنابی دادوەری گەردوون شکۆی چاکە زۆر وەک خۆری لە ئاسمان گەڕ بووەتە قۆناغگەلگەڕ، ڕۆژی نۆزدەیەمی



مانگی ناوبراو (٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٥٣٤ی.ز)قۆناغی (لەعلین چەمەن)[٥٦] ناو بووە مەڵبەندی ئالاگەلی شەهریاری دڵدەریا، ڕۆژی بیست و یەکەمی(٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٥٣٤ی.ز) لەدەوروبەری شاری هەمەداندا خێوەتگای گەردوونپەنا دامەزرا، هەواڵی ئەوە گەیشت کەشای شەیتانگەلسوپا، بەسەر (خەرووره)[٥٧] و (ئاق کووه)[٥٨]دا بەرەو ناوچەی (ئیمام سەهل عەلی)[٥٩]دا هەڵات کە ئاژاوەگێڕانی بەزەحمەت لێ دەستگیر دەبێ. وەک دڵۆپەکانی هەوری بەهار، بێ سنوورو بێ ژمارە بەلەشکری گەورە و گرانەوە بەدووی ناحەزی بێعارەوە لە ڕادەی توانین پتر جڵەوی ئەسپەڕەش.. لارو لەنجە(کەو)، بەرەو لای بەغدای خودی مەبەستدا بادرایەوە، ڕۆژی بیست و هەشتەمی (٦ی تشرینی دووەمی ١٥٣٤ی.ز) لەتەک مەزاری (ئووەیسی قەرەنی)[٦٠]ی خولگەی لێ خۆشبوون و شایستەی لێ دابەزین، فەرمان درا، سایەی سەیوانی ئاسمانشین، لەیەکەم ڕۆژی مانگی جومادیلئوولادا (٨ی تشرینی دووەمی١٥٣٤ی.ز) کەوتە سەر ئەو شوێنەی کە (ماهی دەشت - مایی دەشت)[٦١]ی ناوەو چوارەمین ڕۆژی گەیشتە ئەو شوێنەی بەناوی (شەمسی عەلەمدار)[٦٢]وەوەیە کە یەکێک بووە لە یاوەرە پایە بەرزەکان، لەو جێیەدا، لەلایەن (تەکوللو محەمەد خان)[٦٣]ی پارێزەری بەغدای(دارولخیلافە) وە نامەگەییێن هاتەوەو لەسایەی سەیوانی ئاسایش و دڵنیاییدا، بەتەمای بەهاوپێخەف بوونی دڵئارامی، بۆ پاڕانەوە لە پێناوی

دڵنیاکردنی خەڵکی خستە پێش چاوو ڕایگەیاند، داواکاریی پەسندکراو خەڵاتی چاک و ئەماننامە[٦٤] بەو پەیامهێنە درا.. و بەپەلە بۆی نێررایەوە. ڕۆژی شەشەمی مانگی ناوبراو(١٣ی تشرینی دووەمی ١٥٣٤ی.ز) گەیشتن بە قەڵای شاهین[٦٥] لە تواناد ا بوو- نۆیەمین ڕۆژی (١٦ی تشرینی دووەمی ١٥٣٤ی.ز)، گەیشتە قەسری شیرین[٦٦]-ی ئارمگای بارەگای (خوسرەوی خورشید). ئەو ڕووبارە گەورەیەی کەئاوی شەمیران-ەو لەنێو خەڵکیدا بە (طوقوز ئویلویم-طقوز أولم)[٦٧] بەناوبانگەو ئاوی نارین[٦٨] و خالیس[٦٩] بەهۆی بارناوەوە هەڵچووەو لافاوی هەڵستاوەو وەک دزانی ڕێگر کە ڕێ دەگرن، لە کاتی پەڕینەوەدا وشترگەل بەبارەوە بوونە دیلی سێلاوو بەدووی یەکدا هاتنی پێلان، بۆ لادانی چاوی بەد هەندێک لەمەلەوانانی ناو گۆمی پیاوەتی و ئازایەتیش دیلی مێرگی دەریای لێ خۆشبوونەوە بوو. هۆنراوە:

سپند اگر چه آتش نهند رسم اینست
سپند لشکر صاحب قران درآب بسوخت

واتە:

ڕەشکە دەکرێتە ناو ئاور، گەر ئەم نەریتە باوە
ئەسپی سوپای ساحیبقیران لەناو ئاودا سووتاوە

ئەو ڕۆژە محەمەد بەگی حوکمڕانی بەغدا کە پێشتر لەدەرگای داوای دڵنیایی دابوو، بەئومێدی کرانەوە بووە. بەوەی کە بڕوای



وابوو کەللەی دەوڵەتی دەبێتە تاشەبەردی بیابانی لەناچوون، هەواڵی سەرڕشتەی دەسەڵات لەدەستی توانایییەوە بەربووەتەوەو گرتنی ڕێی هەڵاتنی جڵەوپسێنی گرتووە، کە خرایە بەردەمی سوارانی پەسند سوڵتانی، بەپێی فەرمانی هومایۆنی سولەیمانی، وەزیری تەگبیر پەسند باڵی پەلەکردنی لێک کردەوەو ڕۆژی بیست و دووەمی مانگی ناوبراو (٢٩ی تشرینی دووەمی ١٥٣٤ی.ز) لەبەغدای بەهەشتئاوادا خانەسازیی کرد. ڕۆژی بیست و شەشەمی هەر ئەو مانگە(٣ی کانوونی یەکەمی ١٥٣٤ی.ز)، تیلمەی ئاڵای جیهانئارای (ساحیبقیران)یش لە خاکی ڕەشۆکی عیراقی عەرەبدا بووە سایە بەخشی ئەمن و ئاسایش، خەڵکی بەغدا داوێن داوێن(پڕ بەداوێن)

مرواری گرانمایەی دیارییان بەسمی سەمەندی[٧٠] شاهەنشای بەرزنەژاد بەخشی. هۆنراوە:

چو مرغ سحر خیز فریاد کرد
علم برسر شط بغداد کرد
زماه علم روی شط بهره‌یاب
شد از برج آبی عیان فتاب
بنیروی بخت و ببازوی کین
عراق عرب امدش درنگین

واته:

مەلی بەربەیان کە بردی هانا
ئالآی لەسەر زێی بەغدادا دانا
لە مانگی زانست ڕووی زێ بەشدار بوو
هەتاو لە کەلووی ئاوی دیار بوو
بەهێزی بەخت و بەتۆڵە بازوو
عیراقی عەرەب بەگوستیلە بوو

لەگەڵ خێوەتی کەیوان[٧١] پشتێن بەگەیشتنی جمکی پایە بەرزییانەوە، بەر لەوەی ببێتە گومەزی نۆ دالآنی، سەردانی ئارمگەی چرا درەوشاوەی ئیمامی مەزن و خاوەن هیمەتی بناغەی بەهەشت و سەرچاوەی زانین و فەرمانی حەزرەتی (ئیمامی ئەعزەم)[٧٢]ی فەرموو. لەگیانی پڕ لە گوشاد کردنییەوە هەڵێبجان و ئامادەکردنی، هیممەتی فەرموو.لەگەڵ بەرگەگرتنی باری دژواریی ڕاگوزاریدا بۆ ئەو میرە کارگوزار و سەربازە کارەسات چەشتووانەی بەژنی بارگەخستنیان چەمابووەوە، جێی زستانەیان بۆ دەستنیشان کرا، ڕۆژی پێنجەمی مانگی جومادیلئاخیرە(١٢ی کانوونی یەکەمی ١٥٣٤. ز)، ئەو سەرایەی شادی پتر دەکا، نموونە نوێنی نیگارستانی چینە، لەگەڵ هاتنی سولتانی سولەیمان ئەنگوستیلە[٧٣]–ی بەرێزیان، بەرەو سەیرانسەری بەهەشتی بەرین گوڕیان بەخۆیان دا. ئەو گومەزەی ئارامگەی دلۆڤانی و ڕوانگەی بەرێزی پێشەوای بەهەشت جێ، بەڕەت بوونی سالآن و مانگان و



بەپێکدادانی شەماڵ و بای خۆراوا لاپەڕەکانی دیواری بنیاد بڵند لەشێوەی ڕماندا دەردەکەوت و لەهەر سووچێکیدا کوندەبووی کەلاوەنشین دانیشتبوو و نیشتەجێ بوو بوو، لەسەر فەرمانی سولتانی، ئەو ئارامگە پڕ ڕووناکییە نۆژەن کراو دەوروبەرو ناوەوەی خاوێن کرایەوە و بۆ ئەوەی هەموو بەیانی و ئێوارانێک هاتووان و چووان نانی نیوەڕۆ و شیوی لێ بخۆن، خانوویەکی پڕ لە بژێوی ڕێکخراو داهێنراو بۆ پاس کردنی لەدەست زۆردار و بەدکرداران شوورەیەکی خولگەی بەختیان بنیات نا، هەروەها پێشوازی لێ کراوی دەرگانەی خودایی، جێی کۆبوونەوەی هاندانی خودایی نووستنگەی پڕ ڕووناکی شێخ عەبدولقادری گەیلانی[٧٤]. چەشنی هێزی پیرەمێرد، بەڵکو لە ماڵی جاڵجاڵۆکە بێ هێزتر بووە[٧٥]. نیشتەجێی ئەو کونجە شایستەیە، بووبووە کۆمەی وێران. بەپێی فەرمانی بەرز گومەزێکی دڵکێشی ئاسانشێوە لەسەر خولگەی ئارامگەی لێخۆشبوونەوەدا بنیادنراو میوانخانەیەکی بۆ نانبەخشین بەبێوەژن و هەژاران دروست کراو ئامادەکرا. بەرێزیان سولتانی نەژاد بەرز ماوەی مانەوەیان لە بەغدا بەهیممەتی هاریکارانەی، قەڵاکانی هاڕوونییە[٧٦] و حیللە و شارەبان کە سەر بە بەغدادن و لوڕستان و واسیت و موشەعشەع[٧٧] و جەزایر و[٧٨] قەتیف[٧٩] و بەحرێن، کەوتنە ژێر فەرمانی سولتانی دوو وشکانی، ئەو شوێن و ناوچانە بەشاهەنشای ڕێزبەند و نازناو بەپیت، سەربەرزبوون. هۆنراوە:

جهان بکام دل و کام دل بحسب مراد
زمانه تابع فرمان و آسمان منقاد
نشسته فارغ و فرمانبر آنش عالمگیر
عدو گریخته و باز ماندگانش أسیر

واته:

جیهان بەکامی دڵ و کامی دڵ بەپێی ئارەزوو
ڕۆژگار گوێڕایەڵی فەرمان و ئاسمانی دێ لەدوو
دانیشتوو بێکار، فەرمانبەر ئەوەی کە جیهان دەگرێ
دوژمن هەڵاتوو، بەجێماویشیان بەدیلی دەبرێ

ڕۆژی حەوتەمی مانگی ڕەجەب-ی بەشان و شکۆ(١٢ی کانوونی دووەمی ١٥٣٤ی.ز) بەڕێپێدانی ئاوەزی دروست و فێربوون، قازی خان[٨٠]-ی خانی خوراسان، شەرەفی ماچ کردنی چمکی ڕایەخی کامەرانیی پێ دراو دیلێتیی سەرمایەی شادمانیی دووجیهانی ئاستانی دەیلەتی ئاشیان سلێمانی پەسندکرد و هۆی ویست و ئاواتی بەدەست هێناو بەپێی دڵخواز پایەی(بەگی بەگگەل)[٨١]یی لوڕستانی بەفەرموودە درایێ، هەروەها (ڕاشد)[٨٢]یش کە فەرمانڕەوای جلەوبۆشلکراوی بەسرەو دەوروبەری بەڕابەریی بەختی زگماکی، بووە سەربەرزی بەدەستخەرەوەی ڕاموسانی داوێنی پایە بڵندی ئاسایی، بووە هاوڕێی ڕێزو نرخزانینی شاهانشای بەندە لاوێنەوە، ڕەخنەگرانی ناو



بۆسەی دووزمانی بەرێککەوتنی هاوزمانی لەبارەی ئەسکەندەر چەلەبی[٨٣]-ی دەفتەردارەوە، بەدرانە پاڵی دڕک و داڵی هەس و نیس، سەرچاوەی بیری ڕواڵەتی سرووشی شەهریاری لێخن کردو سەرمەستیی لە کارخستن و نەهامەتی بووەتە جێگری خراپتری بۆنی مەیی ڕوون. لە هەشتەمین ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا (١٣ی ئاداری ١٥٣٥ی.ز)، ئەو باڵانشینی ئەنجومەنی پایەو ڕێزە، بووە دانیشتووی بەرزی بەهەشت،

مانگی تیژ تێپەڕی تەمەنی هاتە کۆتایی
بێ چارە آنکە از نظر او فتادە دور

واتە:

بەستە زمان ئەوە وا لە چاوی ئەو دوور کەوتووە

هەژدەمین ڕۆژی مانگی ناوبراو(٢٣ی ئادار١٥٣٥ی.ز) بەڕێزی شەهریاری ڕەگەز بڵند لەگەڵ گەورەکانی دیوانی بڵندی کۆشک بەپەلە جڵەوی بەرێکەوتنیان بادایەوەو شێری سەرکەوتووی خودا، هاوسەری (فاتیمەی زەهرا)[٨٤]، زاوای حەزرەتی مستەفا، عەلیی پایەبەرز(کرم الله وجهە)و لێی ڕازی بێ، گۆڕی تایبەتیی لێخۆشبوونی و شەوچرای خانەوادەی پێغەمبەری، میوەی دارخورمای بەرداری باخی پێغەمبەری، میراتگری زانستگەی چاکترینی مرۆڤان، سێیەمینی دوانزدە پێشەوایان، بەسەردانی گۆڕی میهرەبانی و ئیمام حوسێنی شەهید، خودا لێیخۆش بێت،

شادبوون. شای ئاژاوەگێڕ، کە لە کونجی هەڵاتندابوو و هاوهێلانەی سیمورغ(سیمرخ)بوو لە پشت پەردەی خۆشاردنەوەوە پەیدا بووەوەو هێرشی ئەنجام بێبەشیی بردە سەر(تەورێز)و جگە لەوەی بووە هۆی پەرت بوون و پەرێشانیی چاکە خوازانی سەڵتەنەتی عوسمانی، کە ئەرکی پاراستنیان خرابووە ئەستۆ، ئەو دەمەی ئۆلامە پاشا خۆی لە(وان) توندکرد و بۆ ئەوەی ئەو بکرێتە ئالیکی تیغی لەناوبردن، قەلای وانی گەمارۆ دا، بەگی بەگگەلی دیاربەکر، کەپێشتر پایەی لە لایەن تەختی سلێمانییەوە بەرزکرابووەوە، بەپەلە هاریکاریی ئۆلامەی کردو میرگەل و سەربازیش کە لە(گوێک تەپە)[٨٥]ی بەرامبەر(ئاڵتون کوێپری)[٨٦]دا بوون گەیشتنە ئۆردوگای سەرکەوتوو و فەرمانی پایەبەرز بۆ دەورەبەر نێررا.

ڕۆژی هەشتەمی مانگی شەووال(٢٢ی نیسانی ١٥٣٥ی.ز)سوڵتانی ئاسۆگەلگری سەروەریی ئەفسەرو تەخت پتر کەرەوە، بەسوپای ئامادەوە پشت بەخودا بەستنەوەوە لە داروسسەلامەوە بەرەو تەورێز فەرمووی و ئاڵاکان بەرێ کەوتن، هەواڵی جمانی فەرهێنی شەهریاری دەسەڵات بڵند، بەرگوێی تەهماسپی بێ عار کەوت. هۆنراوە:

آه ازین بخت واز کون که مراست
وای ازین طالع زبون که مراست

واتە:



ئای لە ئەم بەختەی سەربەرەو ژێرم
وای لە داهاتووی بێ خێرو بێرم!

بەم واتایە، سەری سەودازەدەی پرگەرد و تۆزی شکانەوەو بەدەستی خەم و چمکی یەخەی خۆی ڕادەگرێ، بەڕابەریی نائومێدی و بێبەشی لە گەمارووی (وان)ەوە ڕووی بەلای تەورێز وەرچەرخاند، ئەو گورگە باران دیتەیە کە بۆ ئەوەی پێ لەسەر ڕۆخی سەلامەتی دابنێ، بە تێبینی خەوی کەروێشک ئاسایی بەشێرانی بێشەڵانی ئازایەتی بەخشینەوەو دەرخستنی تۆبەو پەشیمانی بەرامبەر بەو گوناهەی، کارە ناهەموارانەو یاخیبوونەی کە بەپێی ناوەرۆکی ئەم هۆنراوەیە:

أز من گنه آیدو من اینم
از تو کرم آیدو تو آنی

واتە:

ئەمن گوناهم لێ دێ، من ئەوەم
تۆ میهرەبانیت لێ دێ، تۆ ئەوەیت

بەدەستی نێرراوێکدا نامەی نارد کە تێیدا داوای لێخۆشبوونەوە لە تاوانەکانی کردبوو و بیست و یەکەم ڕۆژی مانگی زیلحیججە(٢٣ی حوزەیرانی ١٥٣٤ی.ز)، (صاری قامش)[٨٧] بووە جێی ئاسایشی (داوەر)ی دەریابەخش و دارا ڕەوشت[٨٨] پەیامهێنی شاهی بەدئەستێرە[٨٩] گەیشتە ئۆردوگای سەرکەوتن

بەرهەم، لە ڕێی جێگرانی بەویست گەییوەوە وەک خەتی جوانان[٩٠] ئەو نامە ساختەی بەسوڵتانی هەموو خەڵکی گەیاند. تەهماسپی داهاتوو سەرەوژێر لە گوفت و کردەوەیدا جمکی بەڵێن و پەیمانشکێنی و لە گوفت پاشگەزبوونەوەی بەشیرەوە خواردبووەوەو بەبەڵگەی ئاوەزین و سەلمێنی دەقی گێڕراوە لێ نەگیراو وەک ئەو پەندەی کە دەڵێ: (بەهاوین ماستاوم لەدەست دا)[٩١]، بەرەو ئەو فێڵکارە وەڵامی بێئومێدی ڕەوانە کرا. هۆنراوە:

اگر مرد کاری نیفشار پای
من اینک رسیدم نگە دار جای

واتە:

گەر پیاوی کاری، زۆر دامەگرە پێ
من ئێستا گەییم، ئاگات لە جێ بێ

تاکو ئەو کاروبارەی لەپشت پەردەوە نهێنی و داپۆشرابوو بەوەی لەسەر سەکۆی دیاربووندا خۆی بنوێنێ. گەیشتنی نامە بەشای گومڕێ، تەڵخاوی بڕیاری جەنگ و شەڕیان پێ دەرخوارد دا، ئەم هەواڵە ترسێنەرە لە تەورێزدا بەشای بەدکردەوەی مامۆستای بازاڕی فڕوفێڵ گەیشت. لەگەڵ سامی گرتنی سوپاوە توانای دانیشتنی نەماو بەرەو ئەسفەهان[٩٢] هەڵات، شاهەنشای درەخشانیش[٩٣] بەڕابەریی پشتگیریی خوداوە قۆناغەکانی بڕی، لەبیست و نۆیەمی مانگی ناوبراودا(١ی تەمموزی ١٥٣٤ی.ز) کە تەورێزی شادیئاوا بووە جێی حەسانەوەی دروشم (تووغ)ی میسک[٩٤] بۆن و



عەنبەرچین[٩٥]، جامی بەزەییەکانی سوڵتانی جەمئایین[٩٦] کە پڕاوپڕی خواردنەوەی تەندروستی بەخش بوو و بەگشت خەڵکی بەخشرا، یەنیچەری[٩٧] و سوپا بوونە دەزگای بەرزبوونەوەو چاکەکاریی شاهەنشاهیی نواند. بیستەمین ڕۆژی موحەڕڕەمولحەرامی ساڵی نۆسەد و چل و دوو(٢١ی تەمموزی ١٥٣٥ی.ز) بۆ ئەوەی فەرمانڕەوای کیشوەری عەجەم بکاتە پاسەوانی شارستانی لەناوچوون سەر لەنوێ فەرمووی و پێی لە ئاوزەنگیی هیممەت کردو دوای پێچانەوەی قۆناغگەلێک، ڕۆژی سێیەمی مانگی سەفەر (٣ی ئابی ١٥٣٤ی.ز) شوێنێکی نزیکی (دەرگەزێن)[٩٨] بۆ سەیوان هەڵدانەوەی شەهریار هەڵبژێرا، نوێنەرێک، سەر لەنوێ لەلای تەهماسپی بەدکردارەوە هات و سەرەتا لەلایەن نامەنێرەوە بەئومێدی ڕزگاربوون دەست بەنزاو پاڕانەوەکرا. هۆنراوە:

بعذر خطاها لب آراستە
گناهان بگذشتە در خواستە
کە گر دامن عفو شاه جهان
شود ستر پوش گناه گهان
بخدمتگری جانسپاری کنم
بران رای نیک استواری کنم
ازین پس سرماو آن آستان
کە هستش لقب قبلەء راستان

واتە:

لێو بەپاساوی هەڵە دەخەملێ
داخوازی، گوناه هیچی ناهێڵێ
چاکی بەخشینی شای هەموو جیهان
ببتە خەوشپۆشی گوناهی کەسان
گیانم بەخت ئەکەم دەبم بەبەندە
بەهێز دەبم بەم بیرە پەسندە
ئیدی سەری مەو ئەو دەرگایەیە
نازناوی، رووگەی راستانی هەیە

ماوەکە هەرچەندێک بێت کەکیشوەری ئێران ببێتە پێلەقە کوتی سمی وڵاخی لەشکری سەرکەوتوو، شاهی گومڕێ بەهەڵمی سەرمەستی سەر ئێشاو لە بینینی دوارۆژ سەرگران بوو و پێی بەرگریی کەوتبووە لەرزین و لە کونجی خۆشاردنەوەوە خۆی دەرخست و لەگەڵ سەربازانی ئومێدی جەنگگەل بەجەنگ بەرپاکەرەوەی مەیدانی شمشێربازی بوون، کارێکی هەرگیز نەکردەبوو، کە گەیشتە سەر سنووری زانینی بێگومانی، بەپێی وتەی گەڕانەوە چاترە لە کامەرانترینی سەردەمەکاندا رووی جڵەو بەرەو رۆم وەرچەرخێنرا.

چواری مانگی رەبیعولئەووەل(١ی ئەیلوولی ١٥٣٥ی.ز) شارۆچکەی(خووی)[٩٩] بووە بارەگای ئۆردووی جیهانگەڕ،



فەرموویان و سەریان لە حەزرەتی(شەمسی تەبریزی)[١٠٠]دا، حاکمی بتلیس، شەرەفی ناپاک(!) لە مەیدانی جەنگ و پێکدادانی سەری بێ شادمانیی بەپلپلەکانی زینی شێرکوژاندا بەسترا[١٠١]، پاداشتی کاری زیانبەخشی، بەلێوەرگرتنی سامانێک کەپێشتر بەقەڵەمی گەوهەرڕێژ نووسراوە[١٠٢]، ئینجا ئەو کوردگەلە بەدڕەسەنانەی لەقەڵەمڕەوی حکوومەتەکەیدا بوون کە لەسەر رێی سەرنەکەوتوو و کەللەڕەقیدا بوون و جڵەویان بادایەوە سەر شەقامی راستی گوێڕایەڵی و وەدووکەوتن، حکوومەتی بتلیس بەشایانی (شەمسەددین)[١٠٣]ی کوڕی شەرەفی پێشووی ناپەسند زانرا. لە (دەریای)

عومانی[١٠٤]بێ پەیی بەزەیی سوڵتانییەوە، کەتکای دڵۆپەی چاودێری کرا، پاڕانەوەو گریان بووە جوولێنەرەوەی دەریای شەهریاری، داواکارییەکانیان پەسندکرا، رۆژی چواردەیەمی مانگی ناوبراو(١٢ی ئەیلوولی ١٥٣٥ی.ز) لەنزیک قەلای (ئەرجیش)[١٠٥]دا بەرێزیان (ساحێبقیران)ی سەرکەوتنهێن، فەرمووی و هەر کەسەیوانی رێزوسامیان هەڵدایەوە، میرشەمسەددینی ناوبراو و بەرێوەڕەسمی سەرکەوتنبەخش پێشوازیی لێ کراو کلیلی ئەو قەڵایانەی لەژێر فەرمانیدان بەپێی نەریت پێشکەشی خزمەتگوزارانی دەرگانەی شان و شکۆکرد. دوای ئەوەی دیاریی دەستی میر شەمسەددینی بەستەزمان لەپێش چاوی سوڵتانی زانا پەسندکرا، دیسانەوە جگەلەوەی چاودێری لێ

کردنی..هاته فەرموون، بەجۆرەها و چەندین چەشنی شایستە دڵیان دایەوە. سێیەم ڕۆژی مانگی ڕەبیعولئاخر(١ی تشرینی یەکەمی ١٥٣٥ی.ز) شاری (ئامەد)[١٠٦] بووە جێ بارەگای زۆر ڕەوشت پەسند، بەپێی هەندێک کاروبار، پتر لە بیست ڕۆژ لەو شوێنەدا ئارام بوون. بیست و هەشتەم ڕۆژی مانگی جومادیلئەووەل(٢٤ی تشرینی دووەمی ١٥٣٥ی.ز) لە حەڵەبی شەهبادا سەیوان هەڵدرایەوە و کرایە بارەگا. لەو وڵاتە دڵکراوەیەدا دوای ئەوەی هەشت ڕۆژ بۆ لادانی ماندوویی ڕێ، مانەوە. فەرموویان و بەرەو تەختگا (پایتەخت) وڵاخ خرایەوە ڕێ. چواردەمین ڕۆژی مانگی ڕەجەبی حەرام (٨ی کانوونی دووەمی ١٥٣٦ی.ز)، زاتی ڕەوشتپەسندی سلێمانی، بۆ دانیشتووانی ئەستەمبووڵ بووە مایەی خۆشی و شادمانی و بۆ دیتنی دیداری فەڕبەخشی سوڵتانیی بەڕێزو سوپاس بژێری لەناو خودی قوستەنتینییە[١٠٧] و دەوروبەریدا، پێنج ڕۆژ و پێنج شەو کردیانە جەژن و پشوو، ئەگەر چی بەیاریدەی چاودێریی خوداو هیممەتی شەهریاری بەغدای داروسسەلام(ئاشتی ئاوا)و دەوروبەری بووە بەشێک لە وڵاتە پارێزراوەکان و کیشوەری عەجەم بووە پێماڵی وڵاخەکانی سوپای سەرکەوتوو و دامودەزگای، بەڵام مەبەستی مەبەستەکان ئاوات و هیوا و ئەنجامی دابەزین و سواربوونی پێشتر باسی لێوەکرا لەناوبردن و تێکشکاندنی شاهی گومڕێ.. ئەو شێوە پێویستەی بەخۆیەوە نەگرت. لە کەمترخەمی و کورتکاری و بەدنەخشەیی وەزیرەوە بوو، جگە لەوەی کە بەهەندێک



بەڵگەو نموونە، ڕاستیی سەلمێنراوە، بەپێی سەودای نیگەرانی و دوودڵی لابەری ناڕاست، ئەو نەزانە لە ڕێوڕەسم و فەرمانە وەزارییەکان، ناوونیشانی سەرلەشکری سوڵتانی هەڵبژاردووە، بەڵکو گرفتاری داوی خەیاڵ و هاوبەشی سوڵتانێتیی ڕێ تێ نەچوو، لەسەر ئاوێنەی بیری ڕوونی سوڵتانی دواڕۆژ نەمردا ڕەنگی داوەتەوەو خۆری دەوڵەت و دواڕۆژی ئیبراهیم پاشا، گرفتاری گرێی لەناوچوون بوو و شەوی بیست و دووەم ڕۆژی مانگی ڕۆژووگرتن (١٥ی ئاداری ١٥٣٦ی.ز) بەیانیی ژیانی بەشەوی مردن گۆڕرا. هۆنراوە:

چنین است رسم قدیم سپهر
گەگە برتو کینش بود گاه مهر
چنین است این بی وفا
چو نوشت دهدنیشش اندر قفا
زمانه بیک رنگ نبود مدام
گهی صبح پیش آورد گاه شام
فلک چشم از ان صبح روشن نکرد
کەشام از شفق خون بدامن نکرد
نشد سرخوش از جام عشرت کسی
کەناخۆش نەگشت از خمارش بسی

واتە:

نەریتی کۆنی وەهایە ڕۆژگار
دەمێ دوژمنتەو دەمێ ئەویندار
ئەم بێ وەفایە ئاییینی وایە
هەنگوین دەدا پێت، چزووی تێدایە
بەیەکڕەنگ نابێ، هەمیشە ڕۆژگار
گەه بەیان دێنێ گەهێ شەوی تار
ڕووناکی نەکرد، بەخت .. چاوی بەیان
شەو شەفەق خوێنی نەڕشتە دامان
مەستیی تەباییی کەس نەهاتەدی
تازۆر ناخۆشیی بەدمەستیی نەدی

***



پەراوێزەکان:

(١) چەشمە: وشەیەکی فارسییە واتە: کانی، یان سەرچاوە.. بووەتە ناو بۆ حەوزەئاوی سەرداپۆشراوی بەبۆڕی و شێرە، بۆ خواردنەوەی ئاوو دەستنوێژ هەڵگرتن دروستکراوە. (فەرهەنگی Hayat)

2- Govsa - Türk Meshurlari Ansiklopedisi-s.6

(٣) ئەوەی لەناو کەوانەکەدایە، دەقی ناونیشانی وتارەکە بەخۆیەتی، بەباشترم زانی ناونیشانەکە بکەم بە(هاتنی سوڵتان سولەیمانی قانوونی بۆ گرتنی بەغدا).

(٤)میر زولفیقار(ذو الفیقار): لۆنگریک دەڵێ: لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٥٠٨ی.ز)دا بەغدا کەوتە ژێر چنگی شا ئیسماعیلی سەفەوی و.. دوای ئەوەی ئیبراهیم خان-ی کردە فەرمانڕەوای عیراق ، گەڕایەوە سەر شارگیرییەکانی دیکەی. بڕوانە: أربعە قرون من تاریخ العراق الحدیث - ل٣١-٣٢. هەروەها دەڵێ: چۆنیەتیی پێشەکییەکانی دەسەڵات گرتنە دەستەوەی (زولفیقار) لەبەغدا بەڕوونی نازانین، لەوانەشە سەر بەبنەماڵەیەکی لوڕی سەرسنوور بووبێ و لەلایەن جەماوەری هۆزی بەهێزی(کەڵهوڕ)ەوە یارمەتی درابێ، وا ڕێککەوت (خان) لەبەغداوە بەرەو چیاکانی سەرسنوور بەرەو لای شادەچوو، لەیەکەم دەربەنددا، بەشەو (زولفیقار) پەلاماری داو سەری بڕی!، ئینجا بەپەلە بەرەو بەغدا ڕۆیی و چووە ژوورەوەو قەڵاکەی گەماروو داو تا لەبەر دەستە بەهێزەکانیدا کەوت و پێشوازیی لێ کرا. (س.پ - ل/٣٤).

مورتەزا ئەفەندیی نەزمی زادە، لە کتێبی گوڵشەنی خولەفا (گلشن خلفا)دا کە باسی میر زولفیقارو ڕووداوەکان دەکا، دەڵێ: میر زولفیقار سەربەعەشیرەتی ئوسلو(أوصلو!) بووەو چەند برایەکی هەبووە، ئەمیر خان

و ئبراهيم خان و عەلی بەگ و ئەحمەد بەگ، بەڕەوشت چاکی و خواردەیی بەناوبانگ بوونەو خەڵک خۆشیان ویستووە. بەیارمەتیی کوردان زۆربەی شارەکانی (کەلهوڕ)ی گرتووەو کەسی لێ نەماوە نەهاتبێتە ژێر فەرمانی .. لەکاتێکدا (ئیبراهیم خان)ی برای لەبەغدا بووە و خۆی و منداڵەکانی و نەوەکانی نزیکەی پێنج هەزار کەسی کۆکردووەتەوە و بەرەولای شاتەهماسپ کەوتووەتە ڕێ.. لە (ماهیدەشت - مایيدەشت)دا زولفیقار بەهێزێکی سێ سەد سوارچاکیی ئازاوە ڕێی پێ گرت، بەر لە پێکدادان ئەوانەی سەر بە ئیبراهیم خان بوون هاتنەوە لای زولفیقارو ئیبراهیم خان هەڵات و چووە قەڵای (پیرامەن)و زولفیقار دوای کەوت و گەیشتە قەڵاکەو گرتی و دواتر(پێکهاتنەوە!)ل/١٨٦-١٨٧.

دیارە لەم سەرچاوەیەی سەرەوەدا بەهەڵە لە جیاتی (موصلو).. أوصلو نووسراوە، یانیش دەبێ هەڵەی چاپ بێ.

حەسەن بەگی ڕوملو-ش دەڵێ: زولفیقاری کوڕی نەخوەد(نەخوەت!) بەگی کوڕی گولابی بەگ -ی موسڵو-ی (تورکمان!!)کە لەلایەن خاقانی ئەسکەندەر شانەوە(واتە: شا ئیسماعیلی سەفەوی)، حاکمی کەلهوڕ بووە. ڕاست شێتانەو نەزانانە لەگەڵ هەندێک کەسی دوور لە دەوڵەت، چووە سەر ئیبراهیم خانی موسڵو-ی مامی کە والیی بەغدا بوو«وا ڕێکەوت ئیبراهیم خان لە هاوینە هەواری ماهیدەشت بوو» ، هەرچەند دەستوپێوەندی خانی هێرش کراوەسەر، کە زولفیقار بەلەشکرێکی قورسەوە بەغار هات، خان پێشوازیی لێ نەکردو بەپێنج شەش کەسی دەوروبەری لەدیوەخان دانیشتبوو، لەو کاتەداو لەناکاوێکدا زولفیقار ناڕەوا بەدووسەد بەدکردارەوە(کە هەریەکەیان لەلایەکەوە لێی گرد بووبوونەوە)، بەئۆردووگا گەیشتن، یەکسەر دەستیان کردەوە و ئبیراهیم خان لە بیمی گیانی خۆی



بەربووەوە، زولفیقار پیادەبوو و گوریسەکانی خێوەتی بەشمشێر بڕییەوەو، خێوەت بەسەرسەری ئیبراهیم خاندا بەربووەوەو زولفیقار بەتیغی ئاودار ئیبراهیم خانی لەگەڵ پێنج شەشێک لە یاوەرانییەوە پارچەپارچەکرد.(زۆربەی نۆکەرانی ئیبراهیم خان چوونە پاڵ زولفیقار)... ئینجا ڕوو دەکاتە بەغداو دەیگرێ و دەبێتە والیی تەواوی عێراقی عەرەب... بڕوانە: ب/١٢ ل/٢٧٣ی کتێبی: أحسن التوازیخ.

ئەوەی لەم سەرچاوەیەشدا هەڵەیە، ئەوەیە کە (موسڵو)ییە کەڵهوڕەکانی بەتورکمان داناوە، نەک بەکورد.

لەلایەکی دیکەوە، مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی، لە پەراوێزی ژمارە(٢٤)ی لاپەڕە (٥٣٩)ی شەرەفنامەدا (بێ ئەوەی ئاماژە بۆ سەرچاوە بکا!) باسی ئیبراهیم خان دەکات و بە(ئیبراهیم سوڵتان خان)ی ناو دەبات و دەڵێ: شا ئیسماعیلی سەفەوی کە بەغدای گرت حوکمڕانیی ناوچەکەی بەمیرێکی کەڵهوڕ داوە کە ناوی ئیبراهیم سوڵتان خان بووەو تا لە ٩٣٠ی کۆچی (١٥٢٣ی. ز) یان ٩٣٤ی کۆچی (١٥٢٧ی.ز) مردووە، هەر حوکمڕانی بەغدا بووە، تا زولفیقار خانی برازای لە ماهیدەشت هێرشی بردە سەرو کوشتی هەر حوکمڕانی بەغدا بووە.

هەروەها (گلش خلفا) دەڵێ: ئینجا زولفیقار گەڕایەوە بەغدا و گرتی و خۆی کردە فەرمانڕەوای بەغدا و لایەنگیریی سوڵتان سولەیمانی عوسمانیی جاڕداو سکەی بەناوەوە لێ داو لەمزگەوتەکانیشدا لێدووانی بەناوەوە خوێندرایەوە. ل/١٨٦-١٨٧.

لۆنگریک دەڵێ:... زولفیقار بووە تاکە گەورەی عیراقی ناوەڕاست، بەڵام ئەمە بۆ حوکمڕانە گجکەکان نەدەگونجا لە شوێنێکی وەها پڕ مەترسیدا، زۆر ژیرانە فەرمانی بەخەڵکەکە دا کە گوێڕایەڵیی سوڵتان لە نوێژەکانیاندا

و لەسەر دراوی سکەی لێدراودا دەربخەن و ڕابگەیەنن.. نامە گەیشتە ئەستەمبووڵ، تێیاندا دەپاڕانەوە بۆ ئەوەی سوڵتان بەشوێنکەوتوویەکی تازەی خۆی قبووڵیان بکا.. بۆیە، شا تەهماسپ ئەم هەواڵی دابڕانی عێراقەی کە بیست، زۆر نیگەران بوو و ساڵی ١٥٣٠ی.ز لەڕێی کرماشانەوە بەرەو بەغدا لەشکر کێشی کرد.. کەچی چەندین هێرش، دادی نەداو زولفیقار بەرگرییەکی چاکی ئەنجام دا(أربعه قرون...ل/٣٤-٣٥).

نەزمی زادەش لە گوڵشەن (گلشن خلفا)دا دەڵێ: شا، کە ئەمەی بیست، خەم دایگرت و نیگەران بوو و لە مانگی (تەمووزی!) ٩٣٦ (١٥٢٩/ ١٥٣٠ی. ز) بۆ ڕزگار کردنی بەغدا بەڕێ کەوت تا گەیشتە قەڵای (پیرامەن) کە زولفیقار بەرگریی لێ کردو شا، بەجەنگ و هێز هیچی لەگەڵدا پێ نەکرا.. کەچی بەغەدرو ناپاکی لەگەڵیدا کردو.. دووبرای زولفیقار خۆی، هان دران و بەناپاکی لەژووری نووستنیدا کوشتیان(ل/١٨٧).

حەسەن بەگی ڕوملو-ش دەڵێ: شا، لەدەوروبەری بەغدا دابەزی و گەمارووی داو زولفیقار چەند ڕۆژێک بەرگریی کردو دوای چەند ڕۆژێک عەلی بەگی کوڕەزای(!) سۆفی خەلیل موسلو، ئەحمەد بەگی برای بەوەشاندنی شمشێری ئاودار سەری زولفیقاریان لەلەشی جودا کردەوەو بۆ شایان بردو بەغدایان گرتەوەو... محەممەد سوڵتان شەرەفەددین ئۆغلو بەناوونیشانی خان، بەوالیی بەغدا دانرا.. بڕوانە: أحسن التواريخ - ب/١٢ ل/٢٩٣.

لۆنگریک- یش کوژرانی زولفیقار بەم شێوەیە باس دەکاو دەڵێ: شا دوو برای (زولفیقاری داگیرکەری حوکمڕانی)ی کڕی و بەمجۆرە زولفیقار دوای ئەوەی زۆر ئازایانە لە ماڵی تایبەتیی خۆیدا بەرگریی لە خۆی کرد.. کۆچی



دوایی کرد.. هەروەها دەڵێ: ئینجا شا، پاداشتی چاکی بەو دووبرایە داو بەغدای دایە دەست محەممەد خانی تەکەلو، کە خەڵکی ویلایەتی (تەکە)ی ئەنادۆڵ بوو (أربعة قرون من.. ل/٣٥).

سوڵتان کە ئەمەی بیست، پێویستییەکانی دابین کردو ئامادەی بەرەو بەغدا چوون بوو و مانگی ڕەبیعولئاخری ساڵی ٩٤٠ی کۆچی (تشرینی یەکەمی ١٥٣٣ی.ز) فەرمان بە ئیبراهیم پاشای وەزیری هەرەگەورە درا کە بەرەو حەڵەب بەڕێ بکەوێ(گلشن-ل/ ١٩٨).. بۆ گرتنی بەغدا.

ئەم نێوان تێکچوون و دووبەرەکییەی بنەماڵەی موسلو-ی کوردی لوڕە، بووە هۆی دەرچوونی عێراق و بەغدا لە چنگیان و کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کە تا جەنگی یەکەمی جیهانی، دەستی لێ هەڵنەگرت.. لەم بارەیەوە لۆنگریک دەڵێ: ئەگەر ڕێکەوت فراوان بوونی دەوڵەتی عوسمانی بەرەو خۆرهەڵات و ئەم ڕاپەڕینە بەهێزەی ئێران پێکەوە لەم سەدەیەدا نەبوونایە، گومان لەوەدا نەبوو کە عێراق لەو ساکەوە تا ئەمڕۆ بەدەست ئێرانەوە دەمایەوە (لۆنگریک - أربعة قرون من...ل/ ٣٢)

(٥) تەهماسپ (طهماسب): (١٥١٤- ١٥٧٦ی.ز) کوڕی شا ئیسماعیلی سەفەوییە، ساڵی (١٥٢٤)دوای مردنی باوکی لە تەمەنی دە ساڵیدا بووەتە شا، ساڵی ٩٨٤ی. کۆچی (١٥٧٦-١٥٧٧ی.ز) دەرمانخوارد کراو کۆچی دوایی کردو ئیسماعیل میرزای کوڕی کە لە قەڵای (ئەلەموت)دا بەند کرابوو چووە جێی. (گلشن - ل/ ٢٠٨) (المنجد فی الأعلام- ل ٣٥٨).

(٦) دیارە ئەم دەرمانخواردکردنەی (زولفیقار) لەگەڵ گێڕانەوەکانی (گلشن)ی نەزمی زادە(أربعة قرون من...ی لۆنگریک) جیاوازە کە ئەمانە باس لە کوژرانی دەکەن دوای بەرگرییەکی ئازایانە لە خۆی.

(٧) نیوە دێڕی دووەمی ئەم شیعرە بەمجۆرەش گێڕراوەتەوە (تعددت الأسباب و الموت واحد)واتە: هۆیەکانی زۆرن کەچی مردنیش هەریەک مردنە.

(٨) مەبەست (سولّتان سولەیمانی قانوونییە)(١٤٩٤-١٥٦٦ی.ز ) لەبەهێزترین سەردەمێکی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانیدا(٤٦)ساڵ بە سام و شکۆوە فەرمانڕەوایی کردووە. بەدەیەم سولّتانی عوسمانی دادەنرێ.کوڕی (یاوز سەلیم)ە، لەسەردەمی شازادەییدا والیی(مانیسە)بووە. ساڵی ١٥٢٠ دوای مردنی باوکی لە (٢٦) ساڵیدا چووەتە سەر تەختی سولّتانی. نازناوی قانوونیی لەوەوە هاتووە کە کۆمەڵێک یاسای ڕێکخستن و بەڕێوەبەرایەتیی دەرکردووە. سنووری ئەو دەوڵەتە بەهێزەی لەباوکییەوە بۆ ماوەتەوە زۆر فراوانتر کردووە. لەدەریاو وشکانیدا کۆمەڵێک سەرکەوتنی جەنگیی بەدەست هێناوە. هەربەخودی خۆی لە سیانزدە جەنگی زۆر گرنگدا بەشداریی کردووە... بەکورتی لە:
.Govsa:Turk Meshurlari-s.358-359 یەوە وەرگیراوە.

(٩) مەبەست (ئیبراهیم پاشای داماد)ی سەدر ئەعزەمە(١٤٩٣-١٥٣٥)، لەسەردەمی سولّتان سولەیمانی قانوونیدا(١٣)ساڵ بەدەسەڵاتێکی زۆرەوە بووەتە سەدر ئەعزەم (سەرەک وەزیران)..کوڕی کەشتیوانێکی ئیتاڵیاییە، کەوتووەتە دەست کۆرسان (قرصان-ڕێگرانی ناو دەریا)کانی جەزائیرەوە و فرۆشراوەتە بێوەژنێک لە شاری (مانیسە)، کە لەو سەردەمەدا سولەیمانی قانوونی بەرلەوەی ببێتە سولّتانێک، والیی ئەوێ بووە، کە ئاگاداری شارەزایی ئیبراهیم دەبێ لەکەمانچەژەنیندا... دەیهێنێتە لای خۆی، کە دەبێتە سولّتان وردە وردە ئیبراهیمیش بەرزدەکاتەوە، تا دەبێتە سەدر ئەعزەم. (خەدیجە)ی خوشکی خۆیشی دەداتێ.. دواتر لەبەر چەند هۆیەک کە یەکێکیان کوشتنی ئەسکەندەر پاشای چەلەبیی دەفتەردارە بەبێ فەرمانی سولّتان... ڕۆژێک بۆ ڕۆژووشکاندن بانگ دەکرێتە(سەرا)و



دەکوژرێ، دوای ئەمەش بەئیبراهیم پاشای مەقتوول (کوژراو) ناونراوە.
بڕوانە (بەکورتکراوی):

Govsa:Türk Meshurlari-s.185-186.

- لە (گلشن)دا هەندێک زانیاریی دیکەی لەبارەوە هەیە(ل/ ١٩٨بەولاوە).
- هەروەها لەکۆتایی ئەم دەقەی بەردەستدا، نووسەر باسی چەند هۆیەکی لە پاساوی کوشتنی - ئیبراهیم پاشا-دا باس کردووە و ڕۆژی (٢٢ی ڕەمەزانی ٩٤٢)(١٥ی ئاداری ١٥٣٦ی.ز)ی بۆ ڕۆژی کوژرانی داناوە.

(١٠) ئۆلامە (ئۆلاماه) تەکەلو: لەسەردەمی شاتەهماسپدا کراوەتە میری میران-ی ئازەربایجان، دواتر لەپاش ئاژاوەیەک لەیەک دابڕان و کەوتە ناو میروسەرانی تەکەلو.. ئۆلامە لەتەورێزدا یاخی بوو و دواتر هاتە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی، ناردنەوەی بۆ ئەستەمبووڵ بەمیر شەرەفخانی بتلیسی سپێرراوە، بەڵام جۆرو شێوەی ناردنەکەی بەدڵی ئۆلامە نەبووە و لەدڵی گرتووە و کینە و ڕقی بەرامبەر شەرەفخانی لەدڵدا ماوەتەوە. (شەرەفنامە.. ل/ ٦٧٢-٦٧٣)، هەروەها ئۆلامەی ڕاڕای نێوانی دوو ئیپڕاتۆرییەتی ئێران و عوسمانیدا، کە هاتووەتە لای عوسمانییەکان و بە بەگلەربەگی(بەگی بەگگەل)ی حەسەنکێف دامەزراوە، بەڵام فەرمانڕەواکانی ویلایەتە تورکە دراوسێکان، ئەوانەی کە فەرمانی لە حەسەنکێف دامەزراندنی ئۆلامەیان داوە، لەبەر لەشکری شەرەفخانی بتلیسی، نەیانتوانیوە بەزۆر ئۆلامە ببەنە ناو حەسەنکێف (لۆنگریک.. أربعة قرون... ل/ ٣٦).

بەم جۆرە ئۆلامەی داخ لەدڵ، لەگەڵ هەندێک گەورەپیاوە داخ لەدڵەکانی عوسمانی، کارێکی وایان کرد لە جیاتیی شەرەفخان، بتلیس بدەنە ئۆلامەوە «بەهێزێکی گەورەی پەنیچەری و کۆیلە نوێکان بۆ گرتنی بتلیس

بەرێ خرا، بەمەرجێک بەسەرکردایەتیی یەعقووب پاشای فیل - ی میری میرانی دیاربەکر بێت و سێ هەزار پیاویشی لە ویلایەتەکانی دیاربەکرو مەرعەش (مەراش)و حەڵەب - یشیان لەگەڵ بکەوێ» (شەرەفنامە-ل/ ٦٧٣)... هەروەها دواتر شەرەفنامە باسی دیکە دەکا تا دەگاتە کوژرانی میر شەرەفخانی بتلیسی.

(١١) سوڵتان بایەزید-ی دووەم (١٤٤٧-١٥١٢ی.ز) هەشتەمین سوڵتانی عوسمانی و کوڕی سوڵتان محەممەدی فاتیح -ە، لەسەردەمی باوکیدا کە والیی (ئەماسیە) بووە، هەر بە ڕابواردنەوەوە خەریک بووە، بەشێوەیەک کە باوکی ناچار بووە سەرزەنشتی بکا، لەدەمە دەمی دوایی ژیانیدا ڕێگەی دەروێشی و خوداناسیی گرتووەو دەروێش و سۆفیگەلێکی لە خۆی کۆکردووەتەوەو تەنانەت نازناوی (وەلی)شیان لێ ناوە. (جەم)ی برا گجکەی ویستوویەتی تەختی سوڵتانیی لێ داگیر بکا بەڵام پێی نەکراوەو دواتر سەلیم (سوڵتان یاوزسەلیم) لەسەر تەختی لابردووەو خۆی بووەتە سوڵتان. بەکورتی لە:

-s. 65-66. Govsa:Türk Meshurlari

- بۆ هەندێک زانیاریی دیکە بڕوانە (گلشن خلفا - ل/ ١٩٦).

(١٢) شەیتان قولی: مەبەست لەشاتەهماسپ -ە.

(١٣) بتلیس (بەدلیس): شارێکە لە کوردستاندا، لەم دواییەدا کراوەتە مەڵبەندی ویلایەت. پانزدە کیلۆمەترێک لەخۆراوای (گۆلی وان)ەوە دوورە...تاد.

دەروبەری بەرزایی بەردەڵانییە وەدەورەدراوە، لەسەر یەکێک لەمانە قەڵایەکی لێ بووە کە مەڵبەندی یەک لە حوکمدارانی بووە، ئەمڕۆ کەلاوەیە.. تاد



لە ٢٥ی کۆچی(٦٤٥ی.ز)دا لەلایەن (عیاز بن غەنم - عیاض بن غنم)ی داگیرکەری جزیرەوە ئاشتییانە گیراوە. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ماوەیەکی زۆر مەڵبەندی فەرمانڕەواییەکی کورد بووە، لەسەردەمی سوڵتان یاوز(سەلیم)خاندا بەکۆششی ئیدریسی بتلیسی - چووەتە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی. دواتر شەرەف بەگ کە خانی بتلیس بووە، ئەگەرچی چووەتە پاڵ شا ئیسماعیلی سەفەوی، لەسەردەمی سوڵتان سولەیمان و لەسەروبەندی گرتنی بەغدادا گەڕێنراوەتەوە...تاد

Tarihteki ilk Türkce Ansiklopedide Kürdistan ve Kürtler...s.67-68.

(١٤) پێ دەچێ یەک لەو هۆیانە، یان ئەو بیانووانەی شەرەفخانی پێ تاوانبارکراوە دروست کردنی قەڵات و قەڵابەندی بووە کە لەو سەردەمانەدا، بەبێ پرس و ڕێپێدان کەس بۆی نەبووە خۆی بەقەڵابەندی بەهێز بکا.

(١٥) مەبەست لەسوڵتان سولەیمانی قانوونییە، بۆ زانیاری لەبارەب ئەم سوڵتانەوە بڕوانە پەراوێزی ژمارە(٨).

(١٦) مەبەست لە ئیبراهیم پاشای سەدر ئەعزەم و سەرکردەی لەشکرکێشییەکەیە، بۆ زانیاریی دیکە بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٩).

(١٧) چنارلو: زانیاریم لەبارەی ئەم شوێنەوە دەست نەکەوت، تەنیا لەسەر نەخشە نوێیەکانی تورکیادا ناوی (چنار)م بەرچاو کەوت کە شارۆچکەیەکە لەباشووری خۆراوای (دیاربەکر) لەسەر ئاوی (گوێک سو)دا.. بڵێی هەر ئەو شوێنە بێ؟!.

(١٨)لەدەقەکەدا لەجیاتی (سر) نووسراوە (سد)دیارە ئەمەیانم بەهەڵەزانی.

(١٩) ئۆروج بەگ-ی (غازی)، یان: ئۆروج ڕەییس، بابا ئۆروج (مردنی

سالّی ١٥١٨ی.ز)ه، كوڕی كابرایەكە ناوی (ئەجە ئۆڤالّی)یە. چوار برا بوونە ئیسحاق، ئیلیاس، ئۆروج و خدر(واتە: باربارۆس). لەشاری (میدیللی)دا هاتووەتە جیهان، بەدەریاوانی و بازرگانییەوە خەریك بوونە، ڕۆژێكیان سوارچاكە ئازاكانی ڕۆدۆس كەشتیی(ئیلیاس و خدر) دەگرن. ئیلیاس دەكوژرێ و خدر (واتە باربارۆس) بەدیل دەگیرێ، لەسەر ئەمە ئیسحاق و ئۆروج دەست بەكۆرسانچییەتی (ڕێگریی ناو دەریا) دەكەن. دوای هەلاّتن و ڕزگاربوونی خدر بەماوەیەكی كەم دەبنە (كۆرسان)، كە هێزە دەریاییە عوسمانییەكان بەدوای كۆرسانەكاندا دەگەڕێ، ئەمان دەپەڕنەوە بۆ (توونس) و لەلایەن میری توونسەوە پێشوازییەكی باش دەكرێن، لەناو ئاوی دەریای نێوان توونس و جەزائیردا بارەگایەكی كۆرسانچییەتی دادەمەزرێنن و لەماوەیەكی كەمدا هێزێكی چاك پەیدا دەكەن و ناوبانگ پەیدا دەكەن. سەرەتا لە كەشتیی تاك تاك و دواتر لە كەشتیگەل و هێزە دەریاییەكانی ئیسپانیا و (جەنەوا)شیان دەدا. دوای ئەوەی لە ئیسپانی و ئەو میرە عەرەبانەیان داوە كە لەگەلّ ئیسپانییەكاندا یەكیان گرتووە و لە جەزائیردا حكوومەتێكیان دامەزراندووە. سالّی (١٥١٨)هێزێكی گەورەی ئیسپانیا كە زۆر لە هێزی ئەمان گەورەتربووە و ئۆروج و ئیسحاقی برای بەردەكەون، دوای ئەمە خدر ڕەییس (باربارۆس) بووەتە فەرمانڕەوای جەزائیر و بەلّێنی تۆلّەكردنەوەی براكانی دەداو بەلّێنەكەشی بەجێ دەهێنێ.

Govsa:Turk Meshurlari....-s.294.

(٢٠) جەزائیری غەرب: ولاّتی جەزائیری ئێستایە كە لەخۆراوای ولاّتی عوسمانیدا بووە و بەرامبەر بە (جەزائیری شەرق) واتا خۆرهەلاّت كە ناوچەیەكی خوارووی عیراق بووە، دانراوە.

(٢١) خەیرەددین بەگ - خدر ڕەییس غازی (باربارۆس خێرەددین پاشا/



١٤٧٣ - ١٥٤٦ی.ز) سەركردەیەكی دەریاییە لەسەدەی شازدەهەمدا لە دەریای ناوەڕاستدا دەسەلاّتی بۆ دەولّەتی عوسمانی دابین كردووە. ناوی (خدر)ە، نازناوی خەیرەددین لە لایەن سولّتان سولەیمانەوە پێ دراوە. ناوی (باربارۆس)یش، یان لەوەوە هاتووە كە بەزمانە ئەوروپاییەكان (ڕیش سوور) دەگەیەنێ، یانیش لەناوی براگەورەیەوە بەتێكدراوی بەكارهاتووە كە (بابا ئۆروج)ی ناوبووە و ئەم لێكدانەوەیە گونجاوترە. كوڕی یەعقووب ئاغا ناوێكی (سوپاییە)كە لەسەردەمی داگیركردنی دوورگەی (میدیللی) سالّی ١٤٦٢ی.ز لەو دوورگەیەدا نیشتەجێ بوونە. سالّی لەدایك بوونی بەدلّنیاییەوە دیار نییە، بەلاّم (١٤٧٣)ی بۆ گونجاوە. لە ئیلیاس و ئۆروج-ی دووبرای گچكەترو لە ئیسحاق گەورەترە.

Govsa:Türk Meshurlarj...s.61-62.

(٢٢) قادرغە: جۆرە كەشتییەكی كۆنی جەنگی بووە كە بە(سەولّ) ڕانراوە، واتە بەپێی پێویست بەسەولّ لێدانیش و بە(بایەوان)یش بەڕێوەبراوەو هەرسەولّێك لە سەولّەكانی بەچواركەسی بەتاوان حوكمدراو یانیش بەچوار دیل خراوەتە كار. (فەرهەنگی Hayat).

(٢٣)ئاسەف: وشەیەكە بەواتای وەزیر بەكارهێنراوە، بەوەزیرانی هەر هەموو حكوومەتەكانی خۆرهەلاّت وتراوە(ئاسەف)، ئەم ناوە لەبەر (ئاسەف-ی كوڕی بەرخیا)ی وەزیری بەناوبانگی سولەیمانی پێغەمبەر پەسندكراوە، بڕوانە فەرهەنگی:

Osmanli Tarih Deyimleri ve Terimleri Sozlügü -c.1-s.92

(٢٤) شەهبا(شهباء - حلب الشهباء): وشەیەكی عەرەبییە واتە: سپیی كەوەییباو - سپیی مەیلەو خۆلّەمێشی.. نازناوێكی شاری (حەلّەب)ە، چونكە خانووەكانی بەبەردی سپی دروست كراوە، ئەم ناوەی لێ نراوە.

بڕوانە: فەرهەنگی Hayat –بابەتی أشهب Esheb.

(٢٥)قەڵای وان قامووسولئەعلام دەڵێ: لەلای خۆرهەڵاتی باکووری کوردستان و لە خۆرهەڵاتی دەریاچەیەکی گەوردایە کە هەر ئەو ناوەی هەیە.. لەسەر بەرزاییەکی بەردەڵانیدا بنیاتنراوە کە بەرزاییەکەی (١٧٣٠)مەترە لەڕووی دەریاوە .. ئەو بەشەی لەسەر ئەو بەرزاییەدایە، لەناو قەڵادایە. ناو قەڵاتەکە بینایەکی زۆر کۆنی لێیەو ئەو نووسینە بزمارییە کۆنانەی -Kon iform ی پێ دەگوترێ و دەرگایەکی سەیری لەناو بەردەکاندا – هەڵکەنراوی هەیە..تاد.

Tarihteki ilk Turkce Ansiklopedi....s.229.

(٢٦) ئەخلات: شارێکە لە پارێزگای بتلیس کە لە ڕۆخی باکووری خۆراوای گۆلی واندایە و مەڵبەندی قەزایەکە.

Tarihteki ilk Türkce Ansiklopedi....s.59.

شاری ئەخلات یان خەلات لەلای چەپی خۆراوادا لەگەورەترینی شارەکانی ئەرمینیا بووە،(موستەوفی) گوتوویەتی، شارێکە لەدەشتاییەکداو دەوروبەری بێستان بووەو شوورەیەک دەورەی داوە.. بەزستان زۆر ساردەو گەلێک ئاپۆرەیە. ڕووبار دەیکاتە دووبەش و پردێک هەردوو بەری بەیەکەوە دەبەستێ، هەروەها مستەوفی ئاماژەی بۆ بێستانەکانی نزیکی کردووە. ئەو چیا گەورەیەی تێی دەڕوانێ پێی دەڵێن(سیپان) کە بەپێی قسەی مستەوفی لەدووریی پەنجا فەرسەخەوە دیار دەبێ و بەفر لەلوتکەیەوە کەم نابێ – (لسترنج- بلدان الخلافة الشرقية-ل/ ٢١٨)

– لەنەخشە نوێیەکانی تورکیادا لە جیاتی سیپان، (سوبحان/Suphan) نووسراوە.

(٢٧) عادلجەواز: قەزایەکە لە باکووری گۆلی واندا لە پارێزگای وان و



لەوپەڕی باکووری خۆراوای پارێزگادا، لەباشوورەوە گۆلی وان و لە خۆرهەڵاتەوە قەزای ئەرجێن و لەباکوورەوە ئەرزەرۆم، لەخۆراواوە بەپارێزگای بتلیس سنووردارە. مەڵبەندەکەی لە ڕۆخی گۆلدایەو لە ١٦٥ کیلۆمەتری باکووری خۆرئاوای وان- دایە.

Tarihteki ilk Türkce Ansiklopedi....s.52.

(٢٨) تووغ (طوغ) تووک، دروشم.. دروشمێک بووە لە مووی کلکی ئەسپ دروست کراوە و بەسەر ڕمدا چەسپێنراوە، لەسەردەمی عوسمانیدا بەپاشاکان دراوە وەک دروشمی پاشایەتی هەڵبگیرێ(ف.Hayat).

(٢٩) مەبەست شاتەهماسپی سەفەوییە.. بڕوانە پەراوێزی ژمارە(٥).

(٣٠) ئەسکەندەر چەلەبیی دەفتەردار(میری میرانی وان و .. دیاربەکر)، ئەوەیە کە ئیبراهیم پاشای داماد بەبێ فەرمانی سوڵتان کوشتوویەتی و لەئەنجامیشدا ئیبراهیم پاشا تاوانبارکراوەو لەسەرا (دەربار)ی سوڵتاندا کوژراوە... بڕوانە پەراوێزی ژمارە(٩).

شەرەفنامە لەباسی حوکمدارانی (مەیافارەقین)و یەکەم میری ئەم میرنشینییەدا کە بەهلوول بەگی کوڕی ئەڵوەند بەگە ..دەڵێ: لەسەرەتای ژیانیدا خۆی و عومەربەگی برای لەگەڵ ئەسکەندەر پاشای میری میرانی دیاربەکر کەوتن کە بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی هومایۆنی(شاهانە)ی گوێلێگیراو بۆ دەست بەسەرداگرتنی (جوازر) دەرچوو، لەوێ قەڵایەکی بەناوی خۆی(ئەسکەندەرییە)وە دروست کردو کردییە سەنجەق و پاراستن و چاودێری و بەڕێوەبردنی داوەتە دەست میر بەهلوول(ل/ ٤٤٩-٤٥٠).

ئەمەش لەگەڵ دەقی ئەم گوتارەی بەردەستماندا ڕێکە کەباسی ئەسکەندەر پاشا دەکا لە باشووری عیراق و پەیوەندیی بە(ڕاشد-ی کوڕی مغامس)ی حوکمداری بەسرەدا هەبووە.

بەم بۆنەیەوەو لەم بارەیەوە، بەباشم زانی سەرنجی خۆم لەبارەی ئەو پەراوێزو بۆچوونانەی مامۆستا ڕۆژبەیانی-ی خوالێخۆشبوو دەربڕم کە لە پەراوێزەکانی شەرەفنامەدا تۆماری کردوون.

لەپەراوێزی ژمارە(٢٧)ی ل/ ٤٥٠دا، لەبڕگەی یەکەمدا کە پەراوێزی مامۆستا محەمەد عەلی عەونی(محمد علی عونی)یەو لەبارەی وشەی(جوازر)ەوە دەڵێ: لەڕوونووسێکی دیکەدا (جواز) نووسراوە، وا دیارە ئەمە ئەو قەڵا بەناوبانگەیە کە عادل جەواز (عادل جواز)ی پێ دەڵێن. لەبڕگەی دووەمی هەر ئەو پەراوێزەدا دەڵێ: دەڵێم (واتە ڕۆژبەیانی)دەڵێ: لەکورتکراوەی کتێبی (مطالع السعود-ل/ ١٢)دا نووسراوە (جوازر)ناوی شوێنێکە لە نیشتەمەنیی ڕەبیعە=مووسڵ.. کە عەشیرەتی(ئال سەعید)ی لێ دادەنیشن، بەڵام نازانم نووسەر مەبەستی ئەوەیە یان نا ؟!.

لەبارەی (جوازر)ەوە:

لسترنج دەڵێ: دوو جۆبار لەدیجلەوە بۆ بەسرە هەڵکەنراوە، جۆباری مەعقیل لەباکووری خۆرهەڵاتەوە کە لەبەغداوە کەشتیی پێدا ڕۆیشتووە بۆ بەسرەو جۆباری ئەیلە کەشتیی پێدا دەڕواو لەبەسرەوە بەرەو باشووری خۆرهەڵات بووەتەوەو لەوێوە لەلای (عەبادان-ئابادان) ڕژاوەتە ناو کەنداوی فارس، ئەوەی لەناوەڕاستی ئەم دوو جۆبارەدایە لەتەک ئاوی هەڵچووی لای خۆرهەڵات(جەزیرە هەرە گەورەکە) پێکدەهێنێ (بلدان الخلافة الشرقية-ل/ ٦٥).

هەروەها مامۆستا عەبدوڕڕەززاق ئەلحەسەنی لەباسی ئەلجەزائیر(الجزائر)دا دەڵێ: ناحیەی (مودەینە)... سەر بەقەزای قورنەیە، ناحیەیەکی گەورەیە، بەشێک لەلای ڕاستی فورات و بەشێکی لای چەپیشی بەخۆوە دەگرێ،



ناوەندەکەی گوندێکی گەورەیە، پێشتر ناوەندی (جەزائیر)بووە، بنکەی میرنشینیی ڕەبیعە و بەتائیخ و جەزائیری لێ بووە...تاد(العراق قديماوحديثا-ل/ ١٨٥).

هەروەها ئەلحەسەنی لەباسی قەزای (قورنە)دا دەڵێ: حاجی خەلیفە لەکتێبی جیهاننوما(جهان نما) کەیدا دەڵێ: دیجلە لە شوێنێکدا لەگەڵ فوراتدا کەیەک دەگرنەوە پێی دەگوترێ(ئەل - جوازر) چونکە ئاو لەوێدا دەنیشێتەوە کە عەرەب بەنیشتنەوەی ئاو دەڵێن جەزر(جزر)، لەمەوە دیارە جێی بەیەکگەیشتنی دوو ڕووباری دیجلە و فورات ناوی جودا جودای لێ نراوە.. دواترینیان(قورنە)یە تاد...(العراق قديماو حديثا-ل/ ١٨٤).

هەر وەکو لەم دەقەی بەردەستیشمانەوە دیارە، هاتنی ئەسکەندەر پاشا بۆگرتنی ناوچەی (موشەعشەع و جزائیر) هاتووە، کە هەردووکیان لە باشووری عێراقدان...

لۆنگریک-یش لەباسی سەدەی هەڤدەهەمدا دەڵێ: دواتر جێنشینی ڕەبیعە لەناوچەی جیابوونەوەی غەرراف لەدیجلەوە سنووردار بوو(أربعة قرون من تأريخ العراق -ل/ ١٠٥). ڕەسووڵ حاویی کەرکووکی-یش لە (دەوحەتول- ووزەرا)دا، لەڕووداوەکانیساڵی (١١٥١ی کۆچی= ١٧٣٨ / ١٧٣٩ی.ز) کە باسی عەشیرەتی (ڕەبیعە) دەکا کە هەر لەناوچە زۆنگاوییەکاندا(هۆڕەکانی باشووری عیراق) لەیەکێک لە (جزیرە)کاندا خۆیان قایم کردووە یاخی بوونە(ل/ ٤١-٤٢).

لەو ئاماژانەشەوە (ئەوەی حەسەنی - بۆ نموونە) دیارە شوێنی کۆنی (ڕەبیعە) خوارووی عێراق بووە نەک (مووسڵ) کە ئێستا ڕەبیعەی لێیەو وەک مامۆستا ڕۆژبەیانی ئاماژەی بۆ کردووە. لەپەراوێزی ژمارە (٢٨)ی (ل/ ٤٥٠)ی شەرەفنامەدا کە دەڵێ: لە (مشاهير الكرد و كردستان «١

/ ١٤» )دا گوتراوە «حوكمی ئەسكەندەرییەی دراوەتە دەست (واتە: دەست بەهلوول بەگ) كە لەنێوانی بەغداو حیللەدایە، پێم وایە بەهەڵەدا چووە». واتە محەممەد ئەمین زەكی بەڕای ڕۆژبەیانی بەهەڵەداچووە...

من پێم وایە مامۆستا ڕۆژبەیانی خۆی لەبۆچوونیدا بەهەڵەدا چووە و ئەم هەڵەیەشی لە ئەنجامی بەچاكی بۆ دەستنیشان نەبوونی (جوازر)و شوێنی كۆن و نوێی عەشیرەتی (ڕەبیعە)یەدا بووەو.. ئینجا بۆچوونی محەمەد ئەمین زەكی-ی بەو پێشەكییە هەڵانەوە هەڵسەنگاندووە كە ئەمین زەكی بەڕاست دەزانم.

(٣١)موزەففەر خان(مظفر خان) حوكمداری گیلان: زانیاریم لەبارەیەوە دەست نەكەوت.

(٣٢) كەیانی: لەبنەڕەتدا ناوی ئەو بنەماڵەیە بووە كە دوای پیشدادییان فەرمانڕەواییی ئێرانیان كردووە. (ف.طلائی). شاهانە، هەرشتێك پەیوەندیی بە(شا)وە هەبێت. (ف.Hayat).

(٣٣) خەدەنگ: تیر (ف. Hayat)

(٣٤) پەیكان: ئەو پارچە ئاسنە تیژەیە كە دەكرێتە نووكی تیرەوە. (ف. Hayat).

(٣٥) شەنب یان شونب-ی غازان(شنب غازان): ناوی گومەزی غازان خان-ە لەسێ چارەكە فەرسەخێكی (فەرسەنگ)ی نزیك تەورێز كە سوڵتان محەممەد غازان خان(٦٩٤-٧٠٣ی.كۆچی)-ی كوڕی ئۆرغون خان-ی كوڕی ئەباقا خانی كوڕی هۆلاكۆ، دروستی كردووە بۆ ئەوەی لەوێ بنێژرێ و هەرلەوێش نێژراوە، هەروەها شامی غازان-یشیان پێ گوتووە. بڕوانە(علی اكبر دهخدا-لغت نامه- بەرگی ٣١)كە زانیاری و سەرچاوەی دیكەشی باس كردووە.



هەروەها - التاریخ الغیاثی- كە باسی كارەكانی غازان دەكا، دەڵێ: هەروەها ئەو گۆڕەی وا لەشوێنێكدا دروستی كردووە پێی دەڵێن(شام) لەنزیك شاری تەورێزدا كە ڕستە پێی ناكرێ باسی جوانی و ڕێكوپێكیی بكا، (الغیاثی-ل/ ٥٢).

(٣٦) (فی قلوبهم مرض) ئەمە بەشێكە لەئایەتی ژمارە(١٢٥)ی سوورەتی (التوبة)ی قورئانی پیرۆز، دەقی تەواوی دەڵێ: «وأما الذین فی قلوبهم مرض فزادتهم رجسا إلى رجسهم وماتوا وهم كافرون.»

(٣٧) خوراسان: ناوچەیەكە لە (١٦) گوندپێكهاتووە لە سەنجەقی (پاسینلەر)ی سەر بەئەرزەڕۆم٠٠ بڕوانە:

Tarihteki ilk Türkce Ansiklopedide Kürdistan...s.242.

(٣٨)ئۆجان (أوجان): شارێكی كۆنی دە فەرسەخ نزیكی تەورێزەو لەسەردەمی مەغۆل (مەنگۆل)دا زۆری لێ بووەتە كەلاوەو غازان خان-ی نەوەی هۆلاكۆ سەرلەنوێ بینای كردووەتەوەو ناوی شەهری ئیسلام(شاری ئیسلام)ی لێ ناوە... دەوروبەرێكی بەپیتی بووەو بەزێییەكەی گوتراوە ئاوی ئۆجان كە لە لووتكەی چیای (سەهەند)ەوە هەڵقوڵاوە... (لسترنج بلدان الخلافة الشرقية-ل/ ١٩٨).

(٣٩)ئویسكویدار: ناوچەیەكە لە باكووری خۆرهەڵاتی ئیستەمبووڵ، لەسەر دەریای (مەڕمەڕە)دا، ئێستا تێكەڵ بەشاری ئەستەمبووڵ بووە، لەبەری ئاسیا.

(٤٠) ساحیب قیڕان:(صاحب قران): بەختەوەر، شادامان.

قیران: وشەیەكی عەرەبییە واتە یەكگرتنی دوو یان پتر لە ئەستێرەگەڕۆكەكان (نزیكبوونەوەیان لە یەك) لە هەر پلەیەكی یەك كەلوو دابێت، زاراوەی (قیران)ی بۆ بەكاردەهێنرێت یانیش ئیقتیران(إقتران).

دوو ئەستێرەی ناهید(زوهرە) و بەرجیس(موشتەری) لەهەر پلەیەکی یەک کەلوودا پێکەوە بن (بەیەک بگەن)، ئەوە نیشانەی شادی و بەختەوەری و کامەرانییە و کەسێک لەم ساتە بەختیارەدا لەدایک بووبێ بەهەرشێوەیەک بێ کامەران دەبێ.. جا (صاحبقران) واتە خاوەنی ئەو کامەرانییەی ئەستێرە جووت بوونەوەیەیە. بڕوانە:

Osmanli Tarih Deyimleri...ve-c.i-s.268.

صاحبقران: نازناوە بۆ ئەوانەی شەوی بەیەکگەیشتنی دوو ئەستێرەی کەیوان (زوحەل) و بەرجیس (موشتەری) لەدایک دەبن، وەکو دەڵێن ئەم منداڵانە دەبنە پیاوگەورە، هۆی ئەم ناولێنانەش ئەوەیە کە تەیموری لەنگ لەشەوێکی بەیەکگەیشتنی ئەو دوو ئەستێرەیە لەدایک بووە.. دواتر بووەتە نازناوی هەموو گەورەپیاوێک...تاد.

بڕوانە: محمد التونجی - فرهنگی طلائی(االقاموس الذهبی)ل/ ٣٨٧

- هەروەها بڕوانە: فەرهەنگی (بهاءالدین - ترکجه لغات)ل/ ٨٢٩

- لەم یەکدوو نموونەیەی سەرەوە دەردەکەوێ کە لەسەر ئەوە ڕێک نین ئەو دوو ئەستێرەیە کامانەن کە مەبەستی بەیەکگەیشتنیان باس دەکرێ.

(٤١)نهر معقل: لەدیجلەوە دوو جۆبار بۆ بەسرە کراوەتەوە، یەکەمیان لەباکووری خۆرهەڵاتەوە جۆباری مەعقیل-ی پێ دەڵێن کە، کەشتیی بەناودا لەبەغداوە دەهاتە بەسرە.. (لسترنج - بلدان الخلافة الشرقیة-ل/ ٦٥)

عەبدوڕڕەززاق ئەلحەسەنی لە باسی بەسرەدا دەڵێ: جۆباری مەعقیل بەناوی (مەعقیلی کوڕی یەساری موزنی)یەوە ناونراوە کە وەکو بەلازوری (بلاذری) لە کتێبی فوتووحولبولدان(فتوح البلدان)یداو ئیبنولئەسیر(ابن الاثیر) لە ئەلکامیل (الکامل)دا دەڵێ: عومەری کوڕی خەتاب فەرمانی



بە مەعقیل داوە هەڵی بکەنێ.. تاد- (العراق قدیماو حدیثا-ل/ ١٨٢).

فەرهەنگی (الصحاح)یش دەڵێ: مەعقیل-ی کوڕی یەسار یەکێک بووە لەیاوەرانی پێغەمبەر(درووديان لێ بێ) جۆبارێکی لای شاری بەسرەی بەناوەوە کراوە(ل/ ٣٥١). دیارە ئەمەی ئێرەش پەندێکە بەناوی جۆباری مەعقیلەوە گوتراوە و دەڵێ:

ئەگەر ئاو بەجۆباری خودادا هات جۆباری مەعقیل باوی نامێنێ، کە ئەویان خوداییەو ئەوەی مەعقیل دەستکردی مرۆڤە و هەرگیز ناگاتە کاری خودایی.

(٤٢) لەدەقەکەدا وشەکە بە (آسیای) لەچاپ دراوە، دیارە ئەمە هەڵەی چاپەو ڕستەکە دەبێ(سنگ آسابی عدم) بێ، (سەنگ: بەرد) لەگەڵ (اسیابی عدم - ئاسیا و «ئاش»ی لەناوچوون)دا ڕێک دەبێ کە(سنگ اسیاب- بەردی ئاسیاو)و بەرداش دەگەیەنێ، بۆیە وشەکەم بە(ئاسیاو)نەک (ئاسیا)داناو وەرمگێڕا.

(٤٣)خاقان: سوڵتان، فەرمانڕەوا.

(٤٤) مەبەست لەو یارییە وەرزشییەیە کە بەفارسی (چوگان بازی) و بەکوردی (جرید بازی-یان-جریت بازی)ی پێ دەگوترێ و نزیکە لەوازیی (هۆکی)ی خۆراوایی.. بەسواریی وڵاخ بەگۆچان یان بەرِم گەمە بەگۆ کراوە کە لەزەوی دانراوە، لێرە بەخوازە دەڵێ: چەندین سەری زەلام بەربوونەوە وەک گۆ، وەک بلێیی کەوتوونەتە بەر گەمەی نووکە گۆچان و ڕم.

(٤٥) ڕوخش: واتە: وڵاخ.. لەکوردەواریدا بووەتە ئەسپی ڕەخش، کە لە ڕوخشی ڕۆستەم-ی شانامەی فیردەوسی-یەوە وەرگیراوە.

(٤٦)کەمەند: لەکۆندا گوریسێک بووە، سێ گرێی لێ کراوە کە دواتر بتوانرێ بکرێتەوەو لەدوورەوە تووڕ هەڵبدرایە بۆ گرتنی ئاژەڵی ڕاوو دوژمن لە

جەنگدا، پاش ئەوەی ئەڵقەی گرێکە دەچووە ملەوە، ڕادەکێشراو توند دەبوو.(ف. Hayat).

(٤٧)چنگنی-یان-چگنی: لەکتێبەکەدا وشەکە بە(ینکنی)چاپکراوە، وای بۆدەچم هەڵەی چاپ بێ و مەبەست لەخانی چنگنی کەلەشەرەفنامەدا باسیان لێوەکراوەو کورتەکەی دەڵێ: ئەم عەشیرەتە ئازاو دلێرەی کوردی خۆرهەڵات، بەبێ سەرو سەرپەرشتی مابوونەوەو پەرت بوون و دواتر هێزەکانی شاتەهماسپ-ی سەفەوی لێیانی داو... پێنج سەد کەسی دیاریان ناچار بەرەو خۆراسان و هیندستان سەریان هەڵگرت.. بڕوانە: (الشرفنامة:ل/ ٥٥٦-٥٥٨).

محەمەد ئەمین زەکی (بێ دەستنیشان کردنی سەرچاوە) دەڵێ: عەلی سوڵتان خان میری عەشیرەتی چنگنی-ی کوردو پارێزگاری قەڵای وان بووە، کە سوڵتان سولەیمانی قانوونی گەمارووی داوەو ساڵی ٩٥٥ی. کۆچی قەڵای وانی گرتووەو ئەویشی بەدیل گرتووە. (محمد أمين زكي- مشاهير الكرد و كردستان- الجزء الثاني - ص/ ٧٣).

مامۆستا ڕۆژبەیانیش (بێ ئاماژەکردن بۆ سەرچاوە)هەر ئەو باسەی دووبارە کردووەتەوەو دەڵێ: شا تەهماسپی سەفەوی میرایەتیی قەڵای وان و پاراستنی سەرسنوورەکانی لەدەستدرێژیی دەوڵەتی عوسمانی پێ سپارد.

(ڕۆژ بەیانی-پەراوێزی ژمارە-٣٢-ی لاپەڕە-٥٥٦ی شەرەفنامە).

مامۆستا ڕۆژبەیانی لەشوێنی دیکەشدا درێژەی دیکەی بەم باسە داوە..

بڕوانە:وڵاتەکەت باشتر بناسە- بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر-٢٠٠٥-ل/ ١٩٠-١٩٢)

(٤٨)کەلووی جمک: برج الجوزاء



(٤٩) محەمەدخانی کوڕی شاهروخ بەگی کوڕی تەیموری گورگان (لەنگ)، بە(محەمەد جۆکی)ناسراوە. باوکی هەر لەژیاندا بووە و هەرێمی (تارام)ی داوەتێ(الغیاثی) ل/ ٢١٧- ٢١٨.

بەدرێژایی خوارەوەی بەرزاییە چیاییەکانەوە، لەدووبەشی تارمی سەروو و تارمی خواروو پێکهاتووە، تارمی سەروو هەر هەمووی لە وڵاتی دەیلەمییاندا بووە و ڕووباری تارم لە لقەکانی دەستەڕاستی(سفید رود) بووەو ئەو ناوچە بەپیتەی ئاو داوە.(یاقووتو لحەمەوی) ناوەکەی بە(تارم و تەرم)تۆمارکردووە، واتە بەپیتی ( ت) نەک(ط)، هەروەها (موستەوفی) گوتوویەتی (فەیرووزاباد) شارۆچکەی تارمی خواروو بووەو (ئەندەر)یان (ئەیدی) گرنگترین شاری تارمی سەرووبووەو قەڵا بەندییەکەی قەڵای (تاج)ی پێ دەگوترێ و ناوی پێنج شاریشی ژماردووە کە هەریەکەو گوندێکی زۆریان هەبووە.(لسترنج.بلدان الخلافة الشرقية-ل/ ٢٦٠- ٢٦١).

(٥١) خلخال: شارێک بووە لەدووریی دوانزە فەرسەخ لەباکووری (ئەردەبیل)ەوە.. لەخۆراوای باشووری دەریای خەزەر (قەزوین)ەوە. هەرسێ زێی(سەنجیدە-و کدیو-یان-کدپو- و شال)لەلای باکوورەوە دێن لەلای خلخالدا دەڕژێنە ناو ڕووباری (سفید)ەوە.(لسترنج - بلدان الخلافة الشرقية- ل/ ٢٠٥)

(٥٢) سوڵتانییە: ناوەکەی لەبنەڕەتدا (کەنغوزلان)ە، بەلای خۆرهەڵاتی تەورێزدا بەلاری بەرەو باکوور، هەشت ڕۆژە ڕێی لێ دوورە. شارێکی تازە دروست کراوە، خەربەندەی کوڕی ئۆرغون-ی کوڕی بوغا(ئەبغا)ی کوڕی هۆلاکۆ نزیک بەچیای گەیلان لەدووریی یەک ڕۆژەڕێ لێوەی لەتەختاییەکی زەویدا بنیاتی ناوەو کردوویەتی بەپایتەختی خۆی. (القلقشندی-صبح الاعشی-ج/ ٤-ص/ ٣٥٨).

لسترنج-یش دەڵێک کەلاوەکانی سوڵتانییە، لەنیوەی ڕێی نێوان (ئەبهەر)و(زنجان)دایە، لەناو ئەو دەشتە بەرینەی وا دابەشبوونی ئاو پێکدەهێنێ لەنێوان زێیە هەڵچووەکانی خۆراوای (سفید رود)و خۆرهەڵاتی بیابانی گەورەدا، ئەو شارە مەنگۆلییەیە وا ئۆرغون خان بنیاتی ناوەو سوڵتان (ئۆلگایتو)ساڵی ٧٠٤ی کۆچی (١٣٠٥ی.ز) تەواوی کردو کردییە بنکەی دەوڵەتی ئێلخانییان (لسترنج - بلدان الخلافة الشرقية- ص/ ٢٥٧).

(٥٣) میسکی ناوکی تاتار: میسک: ماددەیەکی بۆنخۆشە لەکیسەیەکی ناو ناوک (زگ)ی نێرە ئاسکەوە دەردەهێنرێ، بەناوبانگترینی ئەو ئاسکانە، ئاسکەکانی وڵاتی تاتار(تەتەرستان)ە.

(٥٤)زومرووت(زومورڕود): بەردێکی گرانبەهایە بەگەلێک جۆرە ڕەنگی سەوز ناسراوە.(ف-لغات - ل/ ٥٦٨).

(٥٥) قەرەقان(قەرەغان): زانیاریارییی زۆرم لەبارەیەوە دەست نەکەوت، بەڵام لە نەخشەیەکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بەئینگلیزی چاپ کراوە The Middle East شوێنێکە لەسەر ڕۆخی خۆراوای دەریای قەزوین و خۆرهەڵاتی باکووری ناوچەی گێلان و خۆرهەڵاتی بشتکۆوە.

بەپێی ڕەوتی کۆڕەوی سوڵتان سولەیمانی قانوونی کە لەباسەکاندا دیارە لەلای (قەرەغان)ەوە بەرەو هەمەدان و ئینجا دینەوەر و بەرەو عیراق هاتووە.. لەیادداشتەکانی مەئموون بەگیشدا دەڵێ: ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو زستانی ساردی بەسەرهات و کۆڕەو ناچاری کۆچ بوو، لەچیاکانی (قەرەغان-قەرەخان)-ەوە بەسەر هەمەدان و دینەوەرو بەرەو عیراقی عەرەبی(مذكرات مأمون بک بن بیگەبک..ل/ ٢٢-٢٣)..

بۆیە دەبێ مەبەست ئەو قەرەغانەی لای دەریای قەزوینە بێ.. لەشوێنێکی



دووری بەر لەگەیشتنە عیراق.. نەک جەلەولا، کە کۆنتر ئەمیش (قەەرەغان)ی ناو بووە.

بەم پێیە مامۆستا ڕۆژبەیانی بەهەڵەدا چووە کە شوێنەکەی بەجەلەولا زانیوەو دەڵێ: بەر لە ئیسلام (کەرخ جەدان)ی پێ گوتراوەو ئەمڕۆ (جەلەولا )ی پێ دەڵێن کە ناوەندی ناحیەیەکی سەر بەقەزای (خانەقین)ە.

بڕوانە:

(مذكرات مأمون بک بن بیگە بک... پەراوێزی ژمارە/ ٤١ی ل/ ٢٢).

(٥٦)لەعلین چەمەن(لعلين چمن):

لەعل: ناوی بەردێکی گرانبایی زانراوە، ڕەنگی سوورو شینی هەیە، یاقووت.

چەمەن: چیمەن.

لەعلین چەمەن: ناوی شوێنێکە زانیاریم لەبارەیەوە دەست نەکەوت.

(٥٧) خەروورە: بەم ناوەوە هیچم دەست نەکەوت، بەڵام لەو ناوەی کە کۆڕەوەکەو باس و خواسی کۆڕەوی سوڵتان سولەیمانی گەیشتووەتە ئەوێ.. ناوی(خوڕخوڕە) نەک خەروورەمان بەرچاو دەکەوێ کە وەکو دەنگ و پیت زۆر لەیەک نزیکن.. ڕەنگە لەسەرزاری بێگانان بەو جۆرە بێت.

عەلی ئەکبەری کوردستانی لەباسی کێوی خوسرەوخان - دا دەڵێ: ئەم چیایە لە(خوڕخوڕە)دایە.. لەدووریی چواردە فەرسەخ لەباکووری خوراوای (سنە)وە کە یەک لە چیا بەرزەکانە.(الحديقە الناصريە- ل/ ٧٩).

کەواتە وەک ناوی ناوچەیەکی چیایی باسی لێوە کراوە.هەروەها باسی(ڕووباری خوڕخوڕە) دەکاو دەڵێ: وەک چەغاتو لەچیای(چهل چەمە- چل کانی)یەوە هەڵدەقوڵێ و بەرەو باکوور دەڕواو دوای بڕینی ماوەی دە فەرسەخ بەڕووباری چەغاتو، لەبەری خۆراوای (چهل چەمە)وەو

ڕووباری خوڕخوڕە لەبەری خۆرهەڵاتەوە هەڵدەقوڵێ(الحديقة الناصرية - ل/ ٧٢).

هەروەها (عەلی ئەسغەری شەمیمی هەمەدانی) کە لەباسی چۆمەکانی ناوچەی سنەو کرماشان دەکا، دەڵێ: لقەکانی ژووروی (چۆمەسپی) لەباکوور بەناوی (سارالّ) و (هۆبەتوو) و (خوڕخوڕە) و (قەرەتۆرە) کە بەناوی ئەو ئاوایی و دێهاتانەی پێیاندا دەڕۆن ناونراون (جوغرافیای کوردستانی ئێران..ل/ ٢١) واتە دێیەک بەناوی خوڕخوڕەوە هەیە کە ئاوەکەی بەناوەوە کراوە.

(٥٨) ئاق کوە.. واتە (کێوەسپی): هیچم لەبارەیەوە دەست نەکەوت.. بەڵام (عەلی ئەکبەری کوردستانی) لەباسی(زێی شاری سنە)دا دەڵێ ئەم زێیە بەناوی (زێی قشلاق)یش ناسراوە، ئەم زێیە لەچیاکانی سفید(واتە سپی)و سنگ سفید (واتە بەردەسپی-یان-کێوەسپی)یەوە هەڵدەقوڵێ.. کە گوندێکی کوردستانەو لەدووریی پێنج فەرسەخ لەباکووری سنەوەیە. (الحديقة الناصرية-ل/ ٦٧-٦٨) ڕەنگ بێ هەر ئەو ئاق کوە- ەبێ.

(٥٩) ئیمام سەهل عەلی (ئیمامی چۆڵگەی عەلی): لەبارەیەوە هیچم دەست نەکەوت، تەنیا ئەوە هەیە(عەلی ئەسغەری شەمیمی هەمەدانی) لەباسی ئاوی ئەڵوەن-ی لقی زێی (دیالە)دا ناوی (چۆڵگەی عەلی) دەهێنێ و دەڵێ: لەچیاکانی زاگرۆس دێتە خوارو (چۆڵگەی عەلی) و (سەرپێڵ) و (قەسری شیرین) پاراو دەکاو تێکەڵی دیالە دەبێتەوە. (جوغرافیای کوردستانی ئێران- ل/ ٢٣).

(٦٠) ئووەیسی قەرەنی(وەیسی قەرەنی): مامۆستا محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی لەباسی (ماهی دەشت)دا دەڵێ.. لەسەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانوونیدا ساڵی ٩٤١ی کۆچی ئیبراهیم پاشای سەدر ئەعزەم



لەشکرگای لەوێ داناو زیارەتی ئەو گۆڕەی کرد کە دەدرێتە پاڵ(ئووەیسی قەرەنی). (مذكرات مأمون بک بن بيگەبک - پەراوێزی ژمارە/ ٤٤ی ل/ ٢٣).

هەژاری موکریانیش دەڵێ: شێخێک بووە، گۆڕی لەمایی دەشت-ەو ناوەکەی بەشێوە فارسییەکەی بە(ويس قرنی) تۆمارکردووە. بڕوانە: (هەنبانە بۆرینە - چاپی سێیەم - سروش- تهران- ١٣٨١).

(٦١)ماهی دەشت(مایی دەشت): ناوچەیەکی بەپیت و ئاوەدانە، لسترنج دەڵێ: مستەوفی دەڵێ: لەدەشتی مایدەشت لەو ڕۆژانەی خۆیدا پەنجا دێی بەمێرگ و سەوز و گەش-ی هەبووە و ئاوی زۆری هەبوو کە لە چیاکانی دەوروبەر هاتووەتە خوارەوە. هەروەها لەم ناوەدا قەڵای هەرسین و لەلای بنکەیدا شارۆچکەیەکی لێیە هێشتا ماوە، کە لە بیست میلی باکووری خۆرهەڵاتی کرمانشانەوەبووە. ڕێی خۆراسان لێرە بەرەو خۆرهەڵات بادەداتەوەو بەدەشتی مایدەشت یان (ماهیدەشت) ڕەت دەبێ و بەرەو کرماشان دەڕوا. (لسترنج - بلدان الخلافة الشرقية - ل/ ٢٢٧).

(٦٢) شەمسی عەلەمدار-(شمس علمدار): هیچم لەبارەیەوە دەست نەکەوت.

(٦٣) محەمەد خان-ی تەکەلو: (تەکەلو محەمەد خان): محەمەد خانی کوڕی شەرفەددینی تەکەلو، دوای کوژرانی (زولفیقار)ی فەرمانڕەوای بەغدا ساڵی ٩٣٦ی کۆچی (١٥٢٩-١٥٣٠ی.ز) شا تەهماسپ کردییە حوکمداری بەغدا. (گلشن -ل/ ١٨٨). کە سوڵتان سولەیمان بەرەو بەغدا چووە، بەغدای بەبێ شەڕ بەجێ هێشتووەو ڕووی کردووەتە بارەگای شا تەهماسپ. (گلشن-ل/ ١٩٩). لۆنگریک کە باسەکە بەکورتی دەکا، دەڵێ: محەمەد خان خەڵکی ویلایەتی (تەکە)ی ئەنادۆڵە (أربعة قرون

من تاريخ العراق..... ص/ ٣٥و ٣٧). هەروەها بڕوانە (شەرەفنامە– ل/ ٦٨٧).

(٦٤) ئەمان‌نامە: نامەیەک یان فەرمانێک، بەڵێنی پاراستنی ماڵ و گیان و ئابڕووی بەرامبەر، یان یەکێک لەوانەی دەکەونە ژێر دەسەڵاتی کەسێک یان دەست لە جەنگ هەڵدەگرێ.

(٦٥) شاهین (قەڵای شاهین): مامۆستا م.ج. ڕۆژبەیانی دەڵێ: شاهین دژ، لەبنەڕەتا ناوی (قهود) بووە، کە مەغۆل داگیریان کردووە، ناویان ناوە (صاین قەڵا).. و لەبەر ئەوەی باتوخان – یان (بایدوخان)ی نەوەی جەنگیز ماوەیەک تیا فەرمانڕەوا بووە، باتوخانیشیان پێ وتووە.

سنووری چوارلای شاهین دژ بەم جۆرەیە: لای باکوورەوە هاوسنوورە لەگەڵ دێهستانەکانی ئاجوڕلو– و چهار دۆڵی... و لای خوارەوە، واتا باشووری هاوسنوورە لەگەڵ شارستانی سەقز و، لای خۆرهەڵاتیشی دێهستانی ئەحمەد ئاواو بەخشی تەکابە و لای خۆرئاوایشەوە، هاوسنوورە لەگەڵ بەخشی بۆکانی سەربەشارستانی مەهاباد.. لەڕووی کرداری و سروشتییەوە جێی بەخشی شاهین دژ کوێستانەو، هەوای ناوەنجییە...

بڕوانە: مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی – وڵاتەکەت باشتر بناسە.. ل/ ٤٢٨

(٦٦) قەسری شیرین: وەکو (قاموسولئەعلام) دەڵێ: شارۆچکەیەکە لە ئیپالەتی ئەردەڵان یان کوردستانی ئێران و ١٦٠ کیلۆمەتری خۆراوای کرمەنشاه(کرماشان)ەوە، لەنزیک سنووری عوسمانیدا لەسەر ڕووباری حولوان–ی سەربە ڕووباری دیالەدا و لەخۆراوای کەلاوەکانی حولواندایە.. چەند کەلاوەیەکی ساسانیی لەدەوروبەردا هەیە و لەگەڵ هەندێک بینای لەڕووی هونەرییەوە بەنرخ و پەیکەرو شوێنەواری دیکەی لێیە. بڕوانە:

Tarihteki Ilk Türkce Ansiklopedide...s.202.



کە لە (ب/ ٥– لاپەرە/ ٣٦٧٠)ی چاپی کۆنەوە وەرگیراوە.

(٦٧)طوقـقوز ئوێلم (طوقوز اولم): کەنووسەر دەڵێ بەئاوی (شەمیران)یان گوتووە..

ئەم ناوە لەدوو وشەی تورکی پێکهاتووە طقوز(طۆققوز–یان–طەقوز)واتە (نۆ)و اۆلم (ئوێلم)واتە (مردن، مەرگ) واتاکەی دەکاتە (نۆ مردن).

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە لەشەرەفنامەدا(زەڵم و تەغسوو و شەمیران) بەدوای یەکدا نووسراون(ل/ ٢١٤).. ئەگەر خۆ جێییەکانی زەڵم و تەغسوو پاش و پێش کەین دەبێتە(تەغسوو زەڵم) و بەپێی پیت و دەنگەکان زۆر نزیک دەبێتەوە لە (طەققوز ئۆێلم).. کە ڕێی تێ دەچێ ناوەکە بەو جۆرە بووبێ بەتایبەتی بەناوی (تەغسوو)ەوە دیارە، نییە. مامۆستا ڕۆژبەیانی لەبارەی تغسو(تەغ سو–تەغ صو)ەوە دەڵێ: لەوانەیە (نەوسوود)بێ کە دێیەکی ناسراوی ناوچەی هەورامانە لە قەزای هەڵەبجەی ئێستا (شەرەفنامە – ل/ ٢١٤–پەراوێزی ژمارە/ ١١).

ئەوەی زانراوە ئاوی زەڵم وەک کانیاوە ئاساییەکان هەڵناقوڵێ، بەڵکو ئاوەکە لە شوێنێکی وەکو (تاق)ەوە و لەبەرزاییەوە دەردەچێ و پێدەچێ (تاق)بە(تاغ–تەغ) خوێنرابێتەوە یانیش (طاغ) بووبێ واتە (چیا)و دەنگی (ق)و(غ) لەزۆر شوێندا جێی یەکدی دەگرنەوە و نموونەش زۆرە. وشەکە بەم پێیە دەبێتە (زەڵم تاق صو) واتە: ئاوی تاقی زەڵم، یانیش ئاوی چیای زەڵم.

ئەگەر خۆ بەو جۆرەش نەبێ ڕەنگ بێ لەبەر ئەوە(طەققوز ئوێلم– نۆمردن) بەبیری مامۆستایان ڕۆژبەیانی و شوکور مستەفادا نەهاتبێ کە ئاوەکە ئاوێکی خوڕی تیژ تێپەڕ بووە، بەجۆرێک کە زەلام و وڵاخی بەبارەوە بردووە و مردنی بۆ هێناون، بۆیە مامۆستایان وشەکەیان بە(تسعة طرق–نۆ

ڕێگا ) کردووەتە عەرەبی(مذكرات مأمون بک بن بيگە بک...ل/ ٢٤)و بەپێی ئەوەش وەرگێڕە کوردییەکەش بە(نۆڕێگا )ی وەرگێڕاوە(بڕوانە: یادداشتەکانی مەئموون بەگ.. سەلاح نەقشبەندی.. ل/ ٣٣) بەم پێیە مامۆستا شوکور و ڕۆژبەیانی دەستنووسەکەیان بە(طەقـقوز یولم) خوێندووەتەوە کە ئەمەشیان لەتورکیدا دەبێ بە(طقوز یول) بنووسرێ.. نەک(یولم).

ساڵی ٢٠٠٣ لەگفتوگۆیەکی تایبەتیدا، مامۆستای خودا لێخۆشبوو شوکور مستەفا.. وای بۆ دەچوو کە ناوەکە بەتورکی دەبێ (طقوز طولم) بێ، واتە (نۆکوندە)، کۆن ئاوکێشەکان وڵاخیان بە(نۆ کەندە)ی پڕ لەئاو بارکردووە، لەهەرلایەکی وڵاخدا چوار کوندە و کوندەیەکیش خراوەتە سەر هەشت کوندەکەوە.. ئەمەش خوازەیەکە بۆ ئاوزۆری.

بەهەر حاڵ من هەر بۆچوونەکەی خۆم لاپەسەندە کە (طقوز أولم- نۆمردن)ەکە بێ.

بۆ واتای ناوی (زەڵم)یش کە لەچییەوە هاتووە، مامۆستا جەمال بابان دەڵێ:«(زەڵم) بەکوردی واتە گژوگیای چڕ، لەڕاستیشدا دۆڵی زەڵم پڕە لەم گژوگیایە، کە لە ئەم لاو ئەولای ئاودا دەڕوێن و.. لەڕابەر(المرشد)دا نووسراوە: دۆڵی زەڵم لەدۆڵە جوانەکانی چیای هەورامانە، کە ئاوی زەڵم- ی یەک لەلقەکانی تانجەرۆیە و هۆی ناولێنانی بەزەڵم وەکو لەمێژووە عەربییە کۆنەکاندا هاتووە، ئەوەیە کە لە زەڵمدا قەڵایەکی سەختی لێ بووە، وەک دەڵێن بابا ئەردەڵان ساڵی ٥٦٤ی کۆچی / ١١٥٨ی زایین دروستی کردووە..تاد)

بڕوانە: أصول أسماء المدن والمواقع العراقية- الجزء الأول..ص/ ٢٥٢

هەروەها ئەو (المرشد)ەی کە مامۆستا بابان ئاماژەی بەوە کردووە کە



لەلاپەڕە (٢٢) یەوە زانیاریی وەرگرتووە ئەمەی خوراوەیە:

طه باقر- فؤاد سفر - المرشد - الرحلة السادسة.

لەهەردوو ئەو چاوگانەدا باسی دیکەی دۆڵ و قەڵاو چیای زەڵم کراوە. لێرەدا من هەر ئەوەندەم مەبەست بوو کە گواستمەوە.

مامۆستا ڕۆژبەیانی دەڵێ: ئەم ناوە لەناوی ئەو شتە لینجەوە هاتووە کە وەک چینێک یان توێژێکی سوور بەسەر ئاوەکەیدایە( پەراوێزی ژمارە/ ١٠ی ل/ ٢١٤ی شەرەفنامە).

تەها باقر و فوئاد سەفەر-یش دەڵێن: شارناسە عەرەبەکان لەباسی شارەزووردا گوتوویانە (ناوی زەڵم) بەناوی ڕووەکە گوڵی(زەڵم)ەوە ناونراوەو (قەزوینی)ش گوتوویەتی، ئەم گوڵە لەشارەزوور دەڕوێ و.. تاد(المرشد الى مواطن الاثار و الحضارة - الرحلة السادسة - ص/ ١٢).

دیسانەوە مامۆستا ڕۆژبەیانی دەڵێ: شەمیران، ناوچەیەکی شاخاوییە لەباشووری هەڵەبجەدا بەسەر ڕووباری (دیالە-سیروان)دا دەڕوانێ، کەلاوەی ئەو قەڵا سەختەی لێیە کە لەلای دێی (شەمیران)ی ئەمڕۆدایە و لەوێ ئاوی زەڵم و تانجەڕۆ دەڕژێنە ناو ڕووباری دیالەوە .(شەرەفنامە- پەراوێزی ژمارە/ ١٢ی ل/ ٢١٤).

((٦٨) نارین:

حوسێنی نازم بەگ لە ڕووداوەکانی ساڵی ١١٧٦ی (١٧٦٢- ١٧٦٣ی.ز)دا نووسیویەتی و لەبارەی کێشەی نێوانی عەلی پاشای والیی بەغداو سلێمان پاشای بابانەوە دەڵێ: عەلی پاشا جەنگی دژی قەڵاچوالان جاڕ دا، هێشتا عەلی پاشا بەڕێ نەکەوتبوو.. سلێمان پاشا لەچیاکانی قەشقە خۆی توندکردووە و لەدووریی ١٣٠کم لەبەغداوەیە..

دواتر لەوێوە کشاوەتەوە تا دەوروبەری (پردی نارین)و دواتر لەوێشەوە کشاوەتەوە ئەو جێیەی پێی دەگوترێ کۆشکی زەنگیی نێوان کفری و دوانزە ئیمام .(بڕوانە: تأريخ الامارة البابانية-ص/ ١١٤).
ئیبن سەنەد ئەلبەسری-ش، لەرووداوەکانی ساڵی ١٢١٧ی.ھ(١٨٠٢-١٨٠٣ی.ز) باسی مردنی سلێمان پاشای وەزیر (والیی بەغدا) و کارە ئەنجام دراوەکانی دەکاو دەڵێ:.... پردەکانی چیمەن و دەللی عەباس-ی بەو شێوەیەی ویستی دروست کردو.. پردێکیشی لەسەر رووباری (نارین) دروست کرد..تاد.(بڕوانە: مطالع السعود-ص/ ٢٤٥).
دیارە نارین یەکێکە لەلقەکانی سیروان.

(٦٩)خالیس(خالص): لسترنج لەباسی رووباری (نەهرەوان)دا دەڵێ: ئەم رووبارە واتە (نەهرەوان) لەسێ بەش پێکدێت(قاتوول «قاطول» و تامەررا و نەهرەوان) لەگەڵ سێ لقی خالیس و بین و دیالە) کە دەرژێنە دیجلەوە. خالس و دیالە، بەپێی ئەوەی (یاقووت)باسی دەکا، دوو لقی (تامەررا)ن.
(بەهەر حاڵ ئەو «خالس»ەی شوێنناسە عەرەبەکان باسیان کردووە، ئەو جۆبارە نییە کە ئەمڕۆ بەخالس ناودەبرێ). ئەم جۆبارەی ئێستا لەنزیکی باکووری خۆراوای بەعقووبەدایەو خالس-ەکەی سەردەمی یاقووت ناوی کوورەیەک بووە لەباکووری رێی خۆراساندا و لایەکی لەتەک شوورەکانی بەغدادا کۆتایی دێ.(بلدان الخلافة الشرقية- ص/ ٨٥).

(٧٠) سەمەند: ئەسپ

(٧١) کەیوان: ئەستێرەی زوحەل.

(٧٢) ئیمام ئەعزەم: ئەبو حەنیفە(نوعمان-ی کوڕی سابت) ١٥٠ی کۆچی - ٧٦٧ی.ز کۆچی دوایی کردووە. پێشەوای رێبازی حەنەفی و یەک



لەچوارپێشەوا موجتەهیدانی(سوننی)یان. لەکووفە لەدایک بووەو وانەی گوتووەتەوەو فەتوای تێدا داوە.. مەنسوور(خەلیفەی عەبباسی)بۆ قازییەتیی بەغدا داوای کردووە، بەڵام ئەم رەتی کردووەتەوە، بۆیە مەنسوور خستوویەتییە زیندان و تامردن دەری نەکردووەتەوە.(المنجد في الاعلام-ص/ ١٨).

(٧٣) سولەیمان ئەنگوستیلە: واتە خاوەنی ئەنگوستیلەی سولەیمان، کەمەبەست لە ئەنگوستیلەی سولەیمانی پێغەمبەرە کە بەو ئەنگوستیلەیەوە بەناوبانگەو وەک پەرجوو وابووە بۆی، وەکو دەڵێن ئەستێرەیەکی پێنج گۆشەی لەسەر هەڵکەنراوە.

(٧٤) شێخ عەبدولقادری گەیلانی: شێخ عەبدولقادری کوڕی مووسا(جەنگی دۆست)ی کوڕی عەبدولا(ل/ ١٩) ساڵی ٤٧٠ی کۆچی (١٠٧٧ی.ز) لەگوندی گەیلان لەدایک بووە(ل/ ٣٥) شەوی شەممەی هەشتی رەبیعولئاخری ساڵی ٥٦١ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە کە دەکاتە(١١٦١ی.ز)و لەبەغدا نێژراوە(ل/ ٢٥١-٢٥٢).. پێشەواو دامەزرێنەری رێبازێکی سۆفیگەریی ئیسلامییە کە رێبازەکە زۆر بەفراوانی بڵاوبووەتەوە.. زۆر بەکورتی لە(بێلاف- شێخ عەبدولقادری گەیلانی) یەوە وەرگیراوە.. بڕوانە لاپەڕە ئاماژە بۆ کراوەکان..

(٧٥) ئاماژەیە بۆ ئایەتی ژمارە(٤١)ی سوورەی (العنكبوت)ی قورئانی پیرۆز کە دەقی تەواوی بەمجۆرەیە: (مثل الذين اتخذوا من دون الله أولياء كمثل العنكبوت وان أوهن البيوت لبيت العنكبوت لوكانوا يعلمون).

(٧٦) قەڵاکانی هاروونییە: لسترنج لەباسی رێی خۆراساندا باسی جەلەولا دەکا کە دەڵێ: شارێکە دەوروبەرەکەی دارستانەو شوورەی نییە،

لەنزیکییەوە پردێک هەیە (کیسرا- خوسرەو)ەکان واتە(شایەکانی ساسانی)لەبەردی ڕێکخراو دروستیان کردووە و هەر لەوێ گوندێک هەیە پێی دەڵێن (هاروونییە).. بەقسەی (یاقووت) لەسەر ئەو ڕووبارە بووە کە کەشتیی پێدا دەڕۆی لەبەعقووبە (باعقووبا) و (باجسرا)دا.

(لسترنج - بلدان الخلافة الشرقية- ص/ ٨٧).

(٧٧)، (٧٨) مووشەعشەع و جەزائیر: موشەعشەع، سەید محەمەدی کوڕی فەلاح -ە کە بەموشەعشەع ناسراوە.. نازانرێ لەکەیەوە یاخی بووە، بەڵام خۆی و سێ کەس لە هاوڕێیانی لەجەزایر فەرمانڕەواییان کردووە و تا ساڵی ٧١ی کۆچی (٦٩٠ / ٦٩١ی.ز) بەردەوام بوون(بڕوانە: تاریخ الغیاثی - الفصل الخامس - ص/ ٢٧٣ و پەراوێزەکانی).

دیارە نووسەر ئەم ناوی موشەعشەع-ەی وەک ناوی شوێن بەکار هێناوە کە، دەبێ مەبەستی ئەو ناوچانە بێ کە بەدەست موشەعشەع و تاقمەکەیەوە بووە کەناوچەی (جەزایر)ی باشووری عیراق بووە.

بۆ (جەزایر) و (جوازر) بڕوانە پەراوێزی ژمارە / ٣٠ لەباسی ئەسکەندەر چەلەبیی دەفتەرداردا.

(٧٩) قەتیف(القطیف): شارێکە لەسەر ڕۆخی خۆراوای کەنداوی بەسرە، لای میرنشینیی بەحرێن، سەربەناوچەی (ئەلئەحسا)ی نیمچە دوورگەی عەرەب.

(٨٠) قازی خان-ی کوڕی سوڵتان ئەحمەد: یەکێکە لە فەرمانڕەوایانی برادۆست. بەر لەوەی میرەکانی کوردستان لایەنی شا ئیسماعیلی سەفەوی بگرن گەلێک جەنگی قزڵباشانی کردووە و نزیکەی یان پتر لەهەزار کەسی لێ کوشتوون. بەڵام کەمیر و فەرمانڕەوایانی کوردستان چوونە لای شا ئیسماعیل ئەمیش لەگەڵیاندا چوو و شا پێشوازیی لێ



کردو ڕێزی لێ ناو نازناوی (غازی قڕان)ی دایێ و ناوچەی (تەرگەوەڕ)و ئینجا ناوچەی (سۆمای)و ئینجا ناوچەی (دول)و دەوروبەرو قەڵاکانی دایێ و بەنووسراو دانی بە میرنشینییەکەیدا نا.

دواتر لەگەڵ میرو فەرمانڕەوایانی کوردستان ڕێککەوت و لایەنی سوڵتان سەلیمی عوسمانییان گرت، ئەوجا کە سوڵتان سولەیمان خانی قانوونی ویستی هێرش بباتە سەر ئێران و جڵەوی بەرەو تەورێز و ئازربایجان سووڕاند غازی خان یاوەریی سوڵتانی پێ ڕپا.. خۆشیویست. فەرمانی دا بەشێکی زۆری دەوروبەری هەولێر و بەغداو دیاربەکری بۆ دەرکردو خستییە سەر ویلایەتەکەی و ماوەیەکی چاک فەرمانڕەوایی میرنشینییەکەی کردووە. (شەرەفنامە - ص/ ٤٩٥-٤٩٦).

هەندێک باس و خواسی دیکەی لەیادداشتەکانی مەئموون بەگی کوڕی بیگەبەگدا هەیە(بڕوانە: مذکرات مأمون بک بن بیگە بک- ل/ ٣٠ بەولاوە).

(٨١) بگلر بگی- بەگلەربەگی (بەگی بەگەکان): لەسەردەمی عوسمانیدا ولاتەکە کرابووە چەند بەشێکی بەڕێوەبەرایەتی، پێیان گوتووە(ئیالەت)و نزیک بووە لەچەمکی ویلایەت، ئەم ئیالەتانە بەکەسێک هەڵدەسووڕاو بەڕێوە دەبرا ناوونیشانی (بەگلەربەگی)ی دەدرایێ.. کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی سەربازی و سویلیشی بەدەستەوە دەبوو.(بۆ زانیاریی پتر.. بڕوانە -ل/ ٢١٦-٢٢١ی:

Osmanll Tarih Deyimleri ve Terimleri Sozlugu-c.1

(٨٢) ڕاشد: ڕاشدی کوڕی مەغامس، ساڵی ٩٤١ی کۆچی (١٥٣٤ / ١٥٣٥ی.ز) سوڵتان سولەیمانی قانوونی دوای گرتنی بەغدا کردییە فەرمانڕەوای بەسرە. (گلشن- ل/ ١٩٩) دواتر پەیمانی شکاندو بەڵێنی

بەجێ نەهێنا، سوڵتانیش فەرمانی بە ئەیاس پاشای وەزیر دا سزای بدا، ئەمیش هێزی کۆکردەوەو سەرەتای ٩٥٣ی.کۆچی (١٥٤٦ی.ز) چووە سەر ڕاشد و بەسەریدا سەرکەوت و بەسرەی گرت. (گلشن- ل/ ٢٠١-٢٠٢).

(٨٣) ئەسکەندەر چەلەبیی دەفتەردار : لەپەراوێزی ژمارە(٣٠)دا باسی لێوە کراوە.

(٨٤)زەهرا: سپیی بریقەدار.

(٨٥، ٨٦ ) گوێک تەپەو ئاڵتوون کوێپری: دووشوێنی ناسراو لەکوردستانی عیراقی ئەمڕۆدا بەوناوانەوە هەیە، بەڵام بەوەی کە جەنگ و ڕووداوەکان لەتەورێز و وان بووەو بەگلەربەگیی دیار بەکر هاریکاریی لەگوێک تەپەی بەرامبەر ئاڵتوون کوێپرییەوە بانگ کردووە.. پێ دەچێ دووشوێنی دیکەی بەم ناوانەوە هەبن لەدەوروبەری دیاربەکرو لێی دوور نەبن، زانیاریم لەبارەی ئەوانەوە دەست نەکەوت، بەڵام هەندێک زانیاری لەبارەی ئەوانەی کوردستانی باشوور زیانی نابێ:

گوێک تەپە: ناحیەیەکی کۆنی سەر بەقەزای (گل)بووە، کە ئەم قەزایە لابرا، خرایە سەر (چەمچەماڵ) و مەڵبەندی ئەمڕۆی گوندی(گوێک تەپە)یە کە ٣٨ کیلۆمەتر لە ناوەندی قەزاوە دوورە. ئاوی کانزایی خاوێن و شوێنێکی میریی تێدایە و ڕووبارێکی تیژڕەوی بەناودا دەڕواو خەڵک و کشتوکاڵیان دەدێرێ و هەندێکی دەگاتە گوندەکانی دەوروبەرو سوودی لێ دەبینن. (الحسنی- العراق قدیماوحدیثا- ص/ ٢٢٦).

ئاڵتوون کوێپری (پردێ):شارۆچکەیەکە ناوەندی ناحیەیە لە سەنجەق و ناوچەی شارەزووری ویلایەتی مووسڵ، کە لەسەر ڕێی بەغدا - مووسڵ - دایە، لەسەر دوڕگەیەکی ناوزێی خواردوودا(یانیش ئاوی پردێ) دایە، لە



٤٢ کیلۆمەتری باکووری خۆراوای کەرکووک و نزیکەی ١٠٥کیلۆمەتر لەباکووری خۆرهەڵاتی مووسڵدایە. بۆ زانیاریی دیکە بڕوانە:

Tarihteki ilk Türkce Ansiklopedide....s.54

(٨٧) صاری قامش: هیچم لەبارەیەوە دەست نەکەوت، بەڵام لەسەر نەخشەدا شوێنێک بەناوی (صاری قامشSarlkamis)ەوە هەیە، سەر بە (قارس) و ماوەیەک لەباکووری خۆراوای (قارس)ەوە نزیکی سنووری نێوانی قارس و ئەرزەڕۆمدایە.

(٨٨) دارا ڕەوشت: ڕەوشت بەرزی وەک ڕەوشتی شایەکان.

(٨٩)شاهی بەد ئەستێرە: مەبەست لەشاتەهماسپ-ە.

(٩٠) خەتی جوانان: مووی تازەی ڕووداوی ڕووی مێرد مندالان، لەوانەیە مەبەستی لە (گەندەموو) بێ کەدوای ماوەیەکی کەم نامێنێ و مووی (ڕیش و سمێڵی) ڕاستەقینە جێی دەگرێتەوە.

(٩١) بەهاوین ماستاوم لەدەست دا: پەندێکی عەرەبییە، نووسەر هەر بەعەرەبییەکەی دایناوە، واتە (فی الصیف ضیعت اللبن) ڕەنگە نووسەر مەبەستی ئەوەبێ کەبڵێ لەکاتی هەرەپێویستدا شتێکی پێویستم لەدەست دا.

(٩٢) ئەسفەهان (أصفهان): شارێکە لەلای باکووری خۆرهەڵاتی هەرێمی چیادا(إقلیم الجبال)و لەبیابانی گەورەوەو دوور نییە، (عەرەب ناویان بە«أصبهان» نووسیوەو فارسیش پێی دەڵێن «سباهان»). هەر لەکۆنەوە بەهۆی بەروبووم و ئاوزۆریی خاکەکەی کە لە ڕووباری زایندە (زایندە رود)ەوەیە، شارێکی دیارو پایە بەرز بووە. (لسترنج - بلدان الخلافة الشرقیة- ل/ ٢٣٨).

(٩٣) درەخشان: ڕووناک، ورشەدار، بریقەدار.

(٩٤) میسک: بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٥٣).

(٩٥)عەنبەر چین: عەنبەر: ماددەیەکی ڕەنگ ڕەشی بۆنخۆش بووە.. عەنبەر چین: جۆرە عەنبەرێک بووە لەولاَتی (چین)ەوە هێنراوە.

(٩٦)جەم ئایین: جەم: کورتکراوەی (جەمشید)ە کەشایەکی پێشدادییانە، فارس بە(شای دادوەر)ی ناو دەبەن و پەیامێکی ئاسمانیی دەدەنە پاڵ و یەک لە پەیامەکانی دەڵێ: مرۆڤ بەرزترینی بوونەوەرانەو.. گەلێکی دیکە.. ئایین:گەلێک واتای هەیە، وەک: داب و نەریت و یاسا و شێوەو ئایین.. تاد. کەواتە(جەم ئایین) واتە: داب و نەریت و هەڵس و کەوتی جەمشیدانە.

هەروەها ئایینی جەم یان (جەمشید) ناوی ئاوازێکە دراوەتە پاڵ جەمشید شا، هەروەها دووەم ئاوازە لەئاوازەکانی(باربود). بڕوانە: (ف.طلائی- ل/ ٢١-٢٠٤-٢٠٥).

(٩٧) یەنیچەری: (عەرەب پێیان گوتووە ئینکشاری - إنکیشاری)، وشەیەکی تورکییە لە(یەنی) واتە(نوێ) و (چەری) واتە: سەرباز - پێکهاتووە، کەواتە سەربازی نوێ. جۆرە لەشکرێکی پیادەی سەردەمی عوسمانی بووە مەشقی سەربازی و ئایینیی تایبەتی خۆیان هەبووە.

(٩٨) دەرگەزێن: ناحیەیەکە لەباکووری هەمەداناو ناحیەی خەرقان دەکەوێتە باکوورییەوە. مستەوفی لەسەدەی هەشتەمدا (چواردەی زایین) لەبارەی دەرگەزێنەوە دەڵێ: شارێکی پایەبەرزە کەپێشتر دێیەکی ناحیەی (ئەعلەم)بووە.(لسترنج - بلدان الخلافة الشرقية - ص/ ٢٣١).

(٩٩) خووی (خوی): قەلقەشەندی دەڵێ: .... شوێنی لە هەرێمی چوارەمی حەوت هەرێمەکەدایە.. دوایین شاری ئازەربایجان-ە، نێوانی خووی و



سەلماس بیست و یەک میلە. (صبح الاعشی - ج٤ - ص٣٥٩).

لسترنج-یش دەڵێ: شارێکە لەسەر ڕووبارێک کە دەڕژێتە ناو ئاراس-ەوە لەباکووری خۆرهەلاتی سەلماس-ەوە .. هەروەها زانیاریی دیکەشی داوە (بلدان الخلافة الشرقية- ص/ ٢٠٠ - ٢٠١).

(١٠٠) شەمسی تەبریزی (١٢٤٧ی.ز-مردووە) سۆفیی گەورەی موسڵمانە، چووەتە قونیەو بووەتە ڕێنیشاندەری جەلالوددینی ڕۆمی، جەلالوددینی ڕۆمی دوای ئەوەی بینیویەتی بەسۆفیەتییەوە خەریک بووەو دەستی لەوانە گوتنەوە هەڵگرتووە، شەمسی تەبریزی بە لەڕێ لادان تاوانبارکراوەو هەلاتووەتە شام و خۆی لەکوشتن ڕزگارکردووە. جەلالەددین دواتر دیسانەوە بۆ قونیەی بانگ کردووەتەوەو لەوێ لەلایەن دوژمنەکانییەوە کوژراوە.

کوڕی ناوەنجیی جەلالەددین کە ناوی عەلائوددین بووە، گوایە یەکێک بووە لە بکوژانی.. کەراماتەکانی شەمسەددین-ی تەبریزی لەنەریتەکانی خۆرهەلاتدا بووەتە ئەفسانەو بەگەلێک شێوە گێڕراوەتەوە. بڕوانە:

Govsa: Meshur Adamlar...c.4.s.1490(

هەروەها بڕوانە: ئەحمەد تاقانە - جەلالەددینی ڕۆمی و سروودی نەی.

دیارە ئەم نزرگەیەی سوڵتان سولەیمان سەری لێ داوە شوێنێکی هێمایی نزیکی شاری خووی - بووە.

(١٠١)ئەمە نەریتێکی کۆنە، ئەو پاڵەوانانە، یان ئەو ڕاوچییانەی شێریان دەکوشت، سەری شێرەکە، یان یاڵەکەیان بەزینی ئەسپەکانیانەوە دەکرد بۆ ئەوەی بزانرێ کە خاوەنەکەی پاڵەوانی شێر کوژە... ئەم نەریتە لە کوردەواریشدا باو بووە، لەبەیت و داستانە میللییە کۆنە کوردییەکانماندا ئەمەمان بەرچاو دەکەوێت.. بۆ نموونە لە بەیتی (سیامەند و خەجێ)دا دەڵێ:

لەبەر خۆی دەچەقاندەوە خەنجەرێکی
دەسک نێرۆیی، لەوی دە دەبانە
بەتەنیشتێکی ولاغە کوێتەیدا بەردەداوە (یالّە شێرە)
چوغە زێڕی کالان زیوی قەرەخوراسانە

بڕوانە: (بەیتی سیامەند و خەجێ- بڵاوکردنەوەی - ئەحمەد تاقانە - گۆڤاری ڕۆژی کوردستان - ژمارە (٥٦)- تشرینی دووەمی ١٩٧٩- لاپەڕە/ ٤٧).

لەم دەقە مێژووییەدا باسی ئەوە کراوە کەسەری میر شەرەفخانی بتلیسی وەک سەرەشێر بەزینی بکوژاندا هەڵواسراوە.

(١٠٢) قەڵەمی گەوهەررێژ: مەبەست یان لە قەڵەمێکە بەگەوهەر ڕازاوەتەوە، یانیش دەمی قەڵەمەکە گەوهەر دەڕێژێ، واتە ئەو نووسراوانەی ئەو دەیاننووسێ نرخی گەوهەریان هەیە.

(١٠٣) شەمسەددین: میر شەمسەددینی کوڕی میر شەرەفخانی بتلیسییەو باوکی میر شەرەفخانی بتلیسیی مێژوونووسی ناسراوە کە لە (شەرەفنامە)کەیدا لەبارەی میرشەمسەددینی باوکییەوە دەڵێ:

لەسەرەتادا توانی لەجیاتیی باوکی دەسەڵاتی میر نشینیی بدلیس بگرێتە دەست، دواتر کە سوڵتانی غازی (مەبەست سوڵتان سولەیمانی قانوونییە) کەمتر چاودێریی دەکرد، وڵاتی بەجێ هێشت.

کەمیر شەرەف (شەرەفخان) لەتاتیک کوژراو شەهید بوو، هۆزی ڕۆژکی لەقەڵای ئاختمارەوە میرشەمسەددینیان هێنایەوە بدلیس و دەسەڵاتیان دایە دەست.

لەڕێی بەرەو بەغدای سوڵتان سولەیمانی قانوونیدا، میر شەمسەددینیش



لەناو دەستوپێوەندی سوڵتاندا چووەتە بەغدا و دواتر داوای ڕێپێدانی کرد بۆ گەڕانەوەو ڕێی پێ دراو گەڕایەوە بتلیس. لەگەڕانەوەی سوڵتاندا لە (ئەخلات) دابەزی، بەهاندانی ئۆلامە، میر شەمسەددینیان هێناو هەرچۆنێک بێ دەستیان پێ لەبتلیس بەرداو ناردیانە مەلاتییە، بەڵام نەچووە ئەوێ و چووە ئێران و خۆی دایە پاڵ شا ئیسماعیلی سەفەوی.
(شەرەفنامە -ل/ ٦٨٧ بەولاوە.).

(١٠٤) دەریای عومان: مەبەست لەدەریای خوارووی کەنداوی بەسرەیە، لەلای وڵاتی (عومان)دا، بەدەرهێنانی مرواری و جۆرەها بەردی بەنرخی دیکەی ناو دەریا، دەریاکەو وڵاتەکە ناوبانگیان هەبووە.

(١٠٥) ئەرجیش: قامووسولئەعلام دەڵێ: شارۆچکەیەکە لەپارێزگای وان و لەڕۆخی باکووری گۆلی وان-دا، لەناوچەیەکی فرە گۆماودایە. ئەم شارۆچکەیە زۆر کۆنە، لەمێژووە کۆنەکانی یۆناندا پێیان گوتووە ئەرسیس(Arsis)..بڕوانە:

Tarihteki Ilk Türkce Ansiklopedide....s.58

هەروەها لسترنج دەڵێ: شارێکە لەڕۆخی لای باکووری دەریاچەی (وان)دا گەلێک جار دەریاچەکە هەر بەناوی ئەم شارەوە ناوبراوە.
(بلدان الخلافة الشرقية-ص/ ٢١٨).

(١٠٦)ئامەد: ناوی کۆنی شاری دیاربەکری بەناوبانگە.

(١٠٧) قوستەنتینییە: یان (کۆنستانتینۆبڵ): ناوی کۆنی ئەستەمبووڵن.

## سەرچاوەکان

« ئەو سەرچاوانەی لەتوێژینەوەو نووسینی پەراوێزەکاندا سوودیان لێ وەرگیراوە».

### کوردییەکان:

(١)یادداشتەکانی مەئموون بەگی کوڕی بیگە بەگ – شوکور مستەفا و جەمیل ڕۆژ بەیانی، لە تورکییەوە کردوویانە عەرەبی – سەلاح نەقشبەندی وەریگێڕاوەتە سەر کوردی – زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(١٥٦)– چاپی یەکەم – سلێمانی ٢٠٠٢ .

(٢) عەلی ئەصغەری شەمیمی هەمەدانی – جوغرافیای کوردستانی ئێران – وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی: عبدالرحمن محمد أمین زەبیحی – چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عیراق «دەستەی کورد» بەغدا ١٩٨٠ .

(٣) عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی – شێخ عەبدولقادری گەیلانی – ژیان و بەرهەم – بلاوکراوەکانی. دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر ٢٠٠١

(٤) هەژاری موکریانی – هەنبانە بۆرینە – فەرهەنگی کوردی – فارسی – سرووش – چاپی سێیەم – تهران – ١٣٨١ .

(٥) ئەحمەد تاقانە – جەلالەددینی ڕۆمی و سروودی نەی – چاپخانەی عەلاء – بەغدا – ١٩٧٩ .

(٦) گۆڤاری ڕۆژی کوردستان – ژمارە/ ٥٦ تشرینی دووەمی ١٩٧٩ – بەغدا.

(٧) مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی – ولاتەکەت باشتر بناسە – دەزگای چاپ



و بلاوکردنەوەی ئاراس – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – چاپی یەکەم – هەولێر – ٢٠٠٥ .

### عەرەبییەکان:

(٨) التاريخ الغياثي – االفصل الخامس – دراسة وتحقيق طارق نافع الحمداني – ساعدت جامعة بغداد على نشره– مطبعة أسعد – بغداد – ١٩٧٥ .

(٩) ستيڤن همسلى لونگريك – أربعة قرون من تاريخ العراق الحديث – نقلة الى العربية: جعفر الخياط – الطبعة الخامسة – منشورات مكتبة التحرير – بغداد (بدون سنة طبع).

(١٠) نظمي زادة مرتضى أفندي – گلش ن خلفا – نقله الى العربية: موسى كاظم نورس – ساعد المجتمع العلمي العراقي على نشره – مطبعة الاداب – االنجف الأشرف – ١٩٧١ .

(١١)حسين ناظم بيگ – تاريخ الامارة البابانية – ترجمة شكور مصطفى و محمد الملاعبدالكريم المدرس – الطبعة الأولى – نشر مؤسسة موكرياني للطابعة و النشر – مطبعة وزارة التربية – أربيل٢٠٠١ .

(١٢) عثمان بن سند الوائلي البصري – مطالع السعود – تحقيق الدكتور عماد عبدالسلام رؤؤف و سهيلة عبدالمجيد القيسي – مطابع دار الحكمة للطابعة و النشر – الموصل – ١٩٩١ .

(١٣) شرفخان البتليسي – شرفنامة – ترجمة: محمد جميل احمد الروژبياني – الطبعة الثانية – نشر مؤسسة موكرياني للطابعة والنشر – كردستان – أربيل – ٢٠٠١ .

(١٤) كي. لسترنج – بلدان الخلافة الشرقية – ترجمة: بشير فرنسيس و

كوركيس عواد – مطبعة الرابطة – بغداد – ١٩٥٤ .

(١٥) مذكرات مأمون بگ بن بيگة بگ – نقلها الى العربية و علق عليها: محمد جميل الروژبياني و شكور مصطفى – من مطبوعات المجتمع العلمي العراقي – الهيئة الكردية – مطبعة المجمع العلمي العراقي – بغداد – ١٩٨٠ .

(١٦) أبي العباس أحمد بن علي القلقشندي – صبح الأعشى في صناعة الانشا – الجزء الرابع – وزارة الثقافة و الأرشاد القومي – المؤسسة المطرية العامة – للتأليف و الترجمة و الطابعة و النشر – مطابع كوستاتسوماسس و شركاه – القاهيرة – (بدون سنة طبع)

(١٧) عبدالرزاق الحسيني – العراق قديماً و حديثاً – الطبعة السادسة (بالاوفيست) – مطبعة دار الكتب – بيروت – لبنان – ١٩٨٠ .

(١٨) علي أكبر كردستاني – الحديقة الناصرية في تاريخ و جغرافيا كردستان – ترجمة: جان دۆست – دار ئاراس للطابعة و النشر – الطبعة الأولي – مطبعة وزارة التربية – أربيل ٢٠٠٢ .

(١٩) طه باقر و فؤاد سفر –– المرشد إلى مواطن الاثار و الخضارة – الرحلة الرابعة – بغداد – كركوك – السليمانية – أصدرتها مديرية الفنون و الثقافة الشعبية في وزارة الثقافة والأرشاد – بغداد – ١٩٦٥– دار المجموعة للطابعة والنشر، الرحلة السادسة – بغداد – حلبجة – أصدرتها مديرية الفنون و الثقافة الشعبية في وزارة الثقافة و الأرشاد – بغداد ١٩٦٦ – (بدون محل الطبع).

(٢٠) جمال بابان (المحامي) – أصول أسماء المدن والمواقع العراقية – الجزء الأول – مطبوعات المجمع العلمي الكردي – مطبعة المجمع العلمي الكردي – بغداد ١٩٧٦ .



(٢١) أطلس التاريخ الأسلامس – صنفة: هاري . و. هازارد – رسم خرائطه: سميلي و كوك. ترجمة و حقيقة: إبراهيم زكي خورشيد – راجعة: محمد مصطفى٤٣ زيادة، قدم له: محمد عوض محمد – ملتزمة الطبع و النشر – مكتبة النهضة االمصرية – ٩ شارع عدلي– القاهرة – مطبعة مصر شركة مساهمة مصرية – بدون سنة طبع.

(٢٢) المنجد في الاعلام – الطبعة الخامسة والثلاثون – دار المشرق – بيروت – ١٩٩٦م.

## تورکی عوسمانی:

(٢٣) فەرهەنگی: ترکجە لغات – بهاء الدين. شوێنی چاپ و ناوی چاپخانەو ساڵی چاپی لەسەر نییە.

## تورکیی تازە (لاتینی):

(٢٤) فەرهەنگی زاراوە مێژووییەکانی سەردەمی عوسمانی (سێ بەرگ)
Osmanll Tarih Deyimleri ve Terimleri sozlugu - Milli Egitim Bakanlig, yayinlari - Istanbul, 1993.

(٢٥) قاموسولئەعلام–ی شەمسەددین سامی – محەمەد ئەمین بۆزئەرسلان – ئەو بەشانەی پەیوەندییان بەکورد و کوردستانەوە هەیە بەجودا و بەتورکیی (لاتینی)ی نوێ بەپێشەکییەکەوە لەچاپی داوە، کە ئەمەیە:
Tarihteki Ilk Türkc,e Ansiklopedide Kurdistan ve Kurtler: Yazan: Semseddin Sami - Osmanlhcadan Ceviren: M. Emin Bozarslan - Deng Yayinlari - Birinci Baski: Mart 2001- Istanbul - Yön Matbaasl.
Semseddin Sami: Kamus`ul- A`lam(Özel adlar Ansiklopedisi - 1889 - 1890 Istanbul- Mihran Matbaas.

**(٢٦) فەرهەنگی**

Hayat - Buyuk Türk Sözlügü - Hayat Yayinlari- Basildig.
Yer: Tifdruk Matbaacilik Sanayii A.s.Istanbul.

**فارسی:**

(٢٧) حسن بیگ روملو – أحسن التواریخ – بتصحیح دکتر عبدالحسین نوائی – انتشارات بابک – درچاپخانهء حیدری چاپ شد – اسفندماه ١٣٥٧ .

**(٢٨) فەرهەنگی:**

لغت نامه – تألیف علی اکبر دهخدا – زیر نظر: دکتر محمد معین – دکتر سید جعفر شهیدی – تهران – دی ١٣٤٨ هجری شمسی –ج ٣١ .

(٢٩) فرهنگ طلائی – فارسی – عربی – تألیف الدکتور محمد التونجی – دار العلم للملایین – الطبعة الاولی – بیروت – آذار ١٩٦٩ .

**ئینگلیزی:**

(٣٠) نەخشەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست کە ئەمە ناوەکەیەتی:

Middle East and near East - Printed And Published in Great Britain by John Bartholomew & son Ltd. Edinburgh.



## پێڕست

پێشەکی ... 5
لەبارەی نووسەرەوە... 11
هاتنی سولتان سولەیمانی قانوونی بۆ گرتنی بەغدا... 15